(خەبات)ی کاغەز دەردەچێتەوە

بەهۆی قەدەغەی هاتووچۆ و پاراستنی گیانی کارمەندانی چاپخانە، ماوەی هەفتەیەک، (خەبات) چاپ نەکراو بەشێوەی PDF لە مالپەڕی خەبات دەخوێندرایەوە، دوای تەواو بوونی پشوو و قەدەغەی هاتووچۆ، لەم ژمارەیەوە، وێڕای PDF لە مالپەڕ، جارێکی دیکە خەبات چاپ دەکرێ و دەگاتە دەستی خوێنەرانمان.

خەبات

XEBAT

لە مالّ پارێزاو دەبین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5967) یەک شەممە 5ی تەموز 2020 «12» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆک مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگە، فیداکار و پارێزەری کوردستانن

(زیاتر لە ل7بخوێنەوە)



مەسرور بارزانی بۆ هاووڵاتییان:

من لەگەڵتان دەبم و بەردەوامیش دەبین لە چاکسازی

بوودجە تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی ژمارەیەک بەنداو و سێ سایلۆی گەورە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، لە وەڵامەکانی پرسیاری هاووڵاتییان سەبارەت بە چاکسازی کە لە ڕێگەی هاشتاگی #لێم-بپرسە، ئاراستەی کرابوون، رایگەیاند: لە سەرەتای ئەم کابینەیە لە بەرنامەی حکوومەتدا، باسی ئەوەمان کرد کە چاکسازی بەشێکی هەرە سەرەکی دەبێت لە کارنامەی حکوومەتی ئێمەدا، دوای ئەوە یاسای چاکسازیمان ڕەوانەی پەرلەمان کرد و دوای ئەوەی ڕەزامەندی پەرلەمانیشی لەسەر وەرگیرا، ئێستا ئەو بەرنامەیەی چاکسازیی ئامادەیە وەکو کارنامەی حکوومەت بخرێتە بواری جێبەجێکردن. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

مەحمود محەمەد: پێویستە پەکەکە و تورکیا دۆخی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت شوێنی خەباتی پەکەکە ئەو شوێنەیە کە هیچی لێ دەستنەکەوتووە، نەک هەرێمی کوردستان کە ناوچەیەکی ئازادکراوە و خاوەن سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمانە، ئەمەش دوای ئەوە دێت، بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیا بە هۆکاری هەبوونی پەکەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان چەندین هاووڵاتی سڤیل بوونەتە قوربانی. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان:

لەگەڵ پێشمەرگە هەوڵدەدەین بۆشاییە ئەمنییەکانی نێوانمان پڕ بکەینەوە

گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی رایگەیاند ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە هێزە ئەمنییەکانمان ئەنجامی دەدەن، ئامانجی لێی ریشەکێشەکردنی شانەنووستووەکانی داعشە لە ناوچەکانی عێراق ئاماژە بەوەیش دەکات کە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵدەدەن بۆشاییە ئەمنییەکانی نێوانیان لە ناوچە جێناکۆکەکان پڕ بکەنەوە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



راستییەکان دەبێ هەموو بوترێن

سەلام عەبدوڵلا

ماوەیەکە هەندێک پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا، کار و چالاکییان تەرخانکردووە بۆ دژایەتی هەرێم و حکوومەتەکەی بە ئاستێک کە نایشارنەوە کە مەبەستیان تێکدان و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمە کە بە پێی دەستووری عێراقی قەوارەیەکی دەستووری دانپێدانراوە و لەسەدا هەشتای هەموو خەڵکی عێراقیش دەنگی بەو دەستوورە داوە.

ئەمانە بەم هەڵسوکەوتە چەوتەیان دەیانەوێ عێراقچییەتی خۆیان بە دژایەتی هەرێم لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بسەلمێنن.

بەڵام ئەمانە ڕاست ناکەن و درۆ لەگەڵ خۆیان و حزبەکانیشیان دەکەن، چونکە ئەو گەندەڵی و پێشێلکارییەی یاسا و دەستوور کە لە ناوەڕاست و خواروو عێراق و لە نێو خودیی پەرلەمانی بەغدا ڕۆژانە دەکرێت، ئەمانە تەواو لێی بێدەنگن و بە هیچ شێوەیەک باسی ناکەن، تەنانەت ئەو ڕاستییانەی کە هەندێک پەرلەمانتاری عەرەب لە پەرلەمانی بەغدا بە بەڵگەوە نیشانی دەدەن و ویژدانی خۆیانی پێ ئاسوودە دەکەن، ئەمانە ناوێرن بە هیچ جۆرێک باسی بکەن یان تەنانەت پشتیوانیشی بکەن.

ئەوەتا ئەندام پەرلەمانێکی بەغدا، خانمێک زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت: بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی دەستم کەوتووە، حکوومەتی عێراقی کە بەدەست نەبوونی و هەژارییەوە دەناڵێنێت (220) ملیار دۆلاری، وەک پشتیوانی، بەخشیوە بە حکوومەتی بەشار ئەسەد.

ئەمە جگە لەو هەموو بەڵگەنامانەی کە لە تەلەڤزیۆنەکانی بەغدا نیشانی بینەران دەدرێت کە مرۆڤ سەری لە ئاستی گەندەڵی ئەم عێراقە سڕ دەمێنێ، کەسانێک لە نێو خودی پەرلەماندا بوون و (58) مووچەی جۆراوجۆریان وەرگرتووە، بۆیە 30 مووچە و 20 مووچە کە وەردەگیرێت لایان ئاساییە و تەنانەت بە بەڵگەوە تەلەڤزیۆنێکی عێراقی ناوی (2651) کەس دەردەخات کە یەکی (7) مووچە وەردەگرن. ئەمە خودی پەرلەمانتارانی عێراق دزە بەم بەڵگانە دەکەن و ڕاستییەکان دەردەخەن کە دەیانەوێت دڵسۆزیی خۆیان نیشان بدەن.

بەڵام ئایا کەس بینی ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەم کوردە عێراقچییانە باسی ئەو هەموو گەندەڵییەی لە عێراقدا ڕووەدات ژ گەر عێراقچین ژ کردووە و دەکەن؟! یان تەنیا بە هەرێم دەوەرن!.

بە گوژمەی 45 ملیار دینار شەش پرۆژەی کارەبا لە سنووری پارێزگای هەولێر تەواو دەکرێن

4



پسوولەی خۆراکی هەڵەبجە لە سلێمانی جیادەکرێتەوە

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



قەوارەی هەرێمی کوردستان دەستووری و یاساییە

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



چیرۆکی کڕین و فرۆشتنی باسی دەرچوون و ڕاپۆرت لەلایەن ئامادەکاران و کڕیارانەوە دەگێڕێتەوە

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی بروسکەیەکی سەرەخۆشی بلاّوکردەوە

دوێنێ شەمە سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی بروسکەیەکی سەرەخۆشیی بلاّوکردەوە و تێیدا سەرەخۆشی خۆی بە کەسوکاری کۆچکردوو رادەگەیەنێت، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز شێخ نەهرۆ شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی سەرۆکی تەریقەتی قادریی کەسنەزانی لە جیهانمان پێ گەییشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی ئێوە و بنەماڵە بەڕێزەکەتان و سەرجەم دۆست و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو شێخ محەمەد بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
4ی 7ی 2020

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی دەکات

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا سەرەخۆشی لە خانەوادەی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی دەکات، ئەمەش دەقەکەیەتی:

هەواڵی کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، کەسایەتیی دیاری ئایینی و ڕێبەری تەریقەتی کەسنەزانیی قادریمان لە عێراق و جیهان پێگەیشت. بەم بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشیمان پێشکەش بە خانەوادە و کەسوکاری بەڕێزیان و تەواوی مریدان و پەیڕەوانی لە کوردستان و لە هەر شوێنێکی جیهان بن دەکەین، هاوسۆز و هاوخەمیانین.

لە خوای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بخاتە بەر میهرەبانیی خۆیەوە، ئەمە دوایین ناخۆشیی خانەوادە بەڕێزەکەیان بێت و سەبووری و دڵنەواییان بداتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
4/7/2020

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی پرسەنامەیەکی بلاّوکردەوە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، پرسەنامەیەکی بلاّوکردەوە، لە بەشێکی پرسنامەکەدا سەرەخۆشیی خۆی بە کەسوکاری کۆچکردوو ڕاگەیاند، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی) ڕێبەری تەریقەتی قادریمان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و موریدان و تەواوی پەیڕەوانی تەریقەتی قادری دەکەین . خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە هەموان ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/7/4

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی دەکات

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆک، بۆ کۆچی دواییی خوالێخۆشبووی دیکیانەوە، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بەڕێزیان و خانەوادەکەیان کرد. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا هاوخەمی و هاوسۆزیی خۆی بۆ پارێزگاری دهۆک دەربڕی و هیوای خواست کە ئەمە دوا کۆستی خۆیان و خانەوادەکەیان بێت. لای خۆیەوە بەڕێز پارێزگاری دهۆک سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرەخۆشی و پەیوەندیی تەلەفۆنیی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەربڕی.

نێچیرڤان بارزانی سەرەخۆشی لە پارێزگاری دهۆک دەکات

ڕۆژی هەینی 3/7/2020بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆک، بۆ کۆچی دواییی خوالێخۆشبووی دیکیانەوە، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بەڕێزیان و خانەوادەکەیان کرد. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا هاوخەمی و هاوسۆزیی خۆی بۆ پارێزگاری دهۆک دەربڕی و هیوای خواست کە ئەمە دوا کۆستی خۆیان و خانەوادەکەیان بێت. لای خۆیەوە بەڕێز پارێزگاری دهۆک سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرەخۆشی و پەیوەندیی تەلەفۆنیی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەربڕی.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە پارێزگاری دهۆک دەکات

ڕۆژی هەینی 2020/7/3مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە د. عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆک کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکییەوە. سەرۆکی حکوومەت هاوخەمی خۆی لەگەڵ پارێزگاری دهۆک دەربڕی و هیوای خواست، خوای مەزن گیانی دایکی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاریان ببەخشێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە وەزیری گەیاندنی عێراق کرد

جێبەجێکردنی دەستوور فاکتەرێکی گرنگیی پێشکەوتن و سەقامگیربوونی دۆخی عێراقە

وەزیری گەیاندنی عێراق: ئێمە ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرین



ڕۆژی پێنجشەممە 2020/7/2مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەندازیار ئەرکان شەهاب ئەحمەد ئەلشەیبانی وەزیری گەیاندنی عێراقی و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا کە ئانێ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان و عەلی خوەیلدی سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقی ئامادەی بوون، پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی، بە تایبەتی لە بواری گەیاندن تاوتوێ کرا.

وەزیری گەیاندنی عێراق ئامادەیی وەزارەتەکەی بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی لەپێناو پێشخستنی بواری گەیاندن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. گوتیشی ئێمە ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرین و دەمانەوێت باشترین پەیوەندی لەنێوان هەردوولادا هەبێت چونکە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی هەموو عێراقە و بەپێچەوانەشەوە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کردەوە لە سەر بنەمای دەستوور، چونکە جێبەجێکردنی دەستوور فاکتەرێکی گرنگیی پێشکەوتن و سەقامگیربوونی دۆخی عێراقە.

مەحمود محەمەد:

پێویستە پەکەکە و تورکیا دۆخی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن

پەکەکە باش دەزانێت ئەوەی ئەوان دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستان بەدەست نایەت



گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت شوێنی خەباتی پەکەکە ئەو شوێنەیە کە هیچی لێ دەستنەکەوتووە، نەک هەرێمی کوردستان کە ناوچەیەکی ئازادکراوە و خاوەن سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمانە، ئەمەش دوای ئەوە دێت، بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیا بە هۆکاری هەبوونی پەکەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان چەندین هاوواڵتی سڤیل بوونەتە قوربانی.

ئەگەرچی چەندین جار ئاگادارکراونەتەوە کە خەباتی خۆیان بۆ باکووری کوردستان بگوازنەوە، بەڵام پەکەکە هێشتا لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا شەڕی تورکیا دەکات، قسەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرپرسانی پەکەکە ئەوەیە، ئێرە هەرێمی کوردستانە، 29ساڵە ئازادکراوە و خاوەن سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمانە، ئێرە بە داگیرکراوی نەماوەتەوە تا هەوڵی ئازادکردنی بدەن، بۆیە بەڕای پارتی پێویستە پەکەکە خەباتی خۆی بگوازێتەوە باکووری کوردستان.

مەحمود محەمەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ کوردستان 24ڕایگەیاندووە پێویستە پەکەکە و تورکیا دۆخی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن، هەروەها پێویستە پەکەکە بزانێت لە کوێ و بۆچی خەبات دەکات، ئەوان باش دەزانن ئەوەی دەیانەوێت لێرە بەدەست نایەت، چونکە ئێرە ئازاد و ڕزگارکراوە و بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمێکە قەوارەیەکی سیاسی و ئیداری ناسراوە، شوێنێک پێویستە پەکەکە خەباتی لێبکات کە هیچ لێ دەست نەکەوتووە.

بەهۆی بوونی پەکەکە لە چیاکانی هەرێمی کوردستان، سوپای تورکیا بۆردوومانکردنی هەرێمی کوردستانی کردووەتە پیشەی بەردەوامی، ئەمەش یەک ڕێگەی لەبەردەم خەڵکی ئەو گوندانە هێشتووەتەوە، ئەویش ئاوارەبوون و جێهێشتنی زێدی باب و باپیرانیانە، بۆیە چاودێرانی سیاسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەو جۆرە خەباتەی پەکەکە دەیکات تا ئێستا هیچ هێزێکی دیکە نەیکردووە. تا ئێستا بەهۆی بۆردوومان و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستان، چەندین هاوواڵتی سڤیل شەهید و بریندارببونە، لە بەرانبەر ئەمەشدا پەکەکە خۆی بەهۆکاری ئەم دۆخە نازانێت و ئامادەنییە خەباتی خۆی بباتە باکووری کوردستان.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:

هەناردەی نەوتی هەرێم وەکو مانگەکانی پێشووە

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بلاّوکردەوە و لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەدا دەڵێ پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان وەکو مانگەکانی پێشووە. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە:

لە سایتی ڕووداودا هەواڵێک بلاّوکراوەتەوە کە گوایە هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ 267هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دابەزیوە. ئەم هەواڵە دوورە لە ڕاستییەوە و پرۆسەی هەناردەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان وەکو مانگەکانی پێشووە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان
2020/7/4

پەیامی پیرۆزبایی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی (20)هەمین ساڵەی دامەزراندنی خانەی موکریانی

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و کادیر و کارمەندانی خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەبۆنەی (20)هەمین ساڵیادی دامەزراندنی خانەی موکریانی گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوادارین بەردەوام و سەرکەوتووبن لە کار و پڕۆژەکانتان بۆ پێشخستن و زیاتر بەرەودان بە بواری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە.

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە هەنگاو و دەسکەوتێکی گرنگ بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی ڕۆشنبیریان و هاندان و هاریکاریکردنی بەیێ جیاوازی نووسەران و ڕۆشنبیران، هەر بۆیە بەو تەمەنە پڕ بەخشندەی جێ پەنجەی لەو بواردا ڕوونە و بەو بەرهەمە بەپێز و پڕۆژە و دەسکەوتانەی کە زیاتر لە (1000)بەرهەم و کتێبە لە بواره جیاجیاکانی مەعریفی و کولتووری بەگشتی لەوانەش ئەدەبی و سیاسی و جڤاکی و پەرەپێدانی مرۆیی و فەرهەنگ، هەموو ئەو پڕۆژە و هەوڵانەش و مایەی سوپاس و شانازیە..

لەم یادەدا وێڕای پیرۆزباییمان جارێکی دیکە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ هەوڵ و کۆشش و کارەکانتان دووپات دەکەینەوە ئومێدەوارین لەو هەلومەرجە نەخوازراوەی قەیرانی تەندروستییەی کە ڕوبەڕووی ولاتەکەمان و تەواوی جیهان بوەتەوە هەر ساغ و تەندروست و پارێزراو بن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
4/7/2020

د. جوتیار عادل: تا 2020/7/15 مووچەی تەواوی وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان دابەش دەکرێت

د. جوتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران ڕوونکردنەوەیەکی بلاّوکردەوە، ڕایگەیاند: دەنگۆی زیاتر دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران بە هەموو شێوەیەک ڕەت دەکەینەوە. گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی خشتە ڕاگەیاندراوەکانی لەسەر دابەشکردنی مووچەی موچەخۆران بەردەوام دەبێت و تا 15-7-2020 مووچەی تەواوی وەزارەتەکان، فەرمانگە و دەستەکانی نەبەستراو بە وەزارەت دابەش دەکرێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم وەڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتییانی دایەوە:

من لەگەڵتان دەبم و بەردەوامیش دەبین لە چاکسازی

گرنگی بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و پیشەسازی دەدەین

بوودجە تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی ژمارەیەک بەنداو و سێ سایلۆی گەورە

زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و فارسی بە باشی دەزانم و حەزم لێیە فێری زمانی فەرەنسیش ببم



ئا- خەبات:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، لە وەڵامەکانی پرسیاری هاووڵاتییان سەبارەت بە چاکسازی کە لە ڕێگەی هاشتاگی #لێم-بپرسە، ئاراستەی کرابوون، رایگەیاند: خۆشەویستان، چاکسازی بابەتێکی گرنگە و ئاسانیش نییە، لە سەرەتای ئەم کابینەیەش لە بەرنامەی حکوومەتیشدا ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە چاکسازی بەشێکی هەرە سەرەکی دەبێت لە کارنامەی حکوومەتی ئێمەدا، لە سەرەتاوەش دەستمان بە زۆر شت کرد و هەنگاوی باشیش هاوێژرا، دوای ئەوە یاسای چاکسازیمان ڕەوانەی پەرلەمان کرد و دوای ئەوەی ڕەزامەندی پەرلەمانیشی لەسەر وەرگیرا، ئێستا ئەو بەرنامەیەی چاکسازیی ئامادەیە وەکو کارنامەی حکوومەت بخرێتە بواری جێبەجێکردن.

هەروەها سەرۆکی حکوومەتی گوتیشی: چاکسازی کارێکی ئاسان نییە، ڕاستە داواکاری زۆربەی خەڵکی کوردستانە، بەڵام خەڵکێکیش هەن لەوانەیە بەرژەوەندییان هەبێت، ئەوانە دەکرێ ڕێگری بکەن یان ئاسانکاری نەکەن و هاوکار نەبن بۆ چاکسازی، لەبەر ئەوە بابەتێکە پێویستی بە پشوودرێژی و ئیرادەیەکی بەهێز هەیە، هەروەها پێویستی بە هەندێک کاتیش هەیە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەموو ئەو بەرنامانەی لە کارنامەی حکوومەتدا پێشکەشمان کردن، جێبەجێیان بکەین، هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی کابینە، چاکسازی بابەتێکی سەرەکی کاری ئەم حکوومەتە بووە و دەستمان پێکردووە و هەنگاوی باشیش هاوێژراوە، بەڵام هەندێکیش ماوە و کاتیان دەوێت بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە جێبەجێکردنی چاکسازی، ئێمە لەو ماوەیەدا زۆر شتمان کردووە، بۆ نموونە نەهێشتنی گەندەڵی و دیاردەی بەرتیلوەرگرتن و ڕەشوەدان، ئەمە بەشێکی سەرەکییە لە چاکسازی، لە خەرجییەکانی حکوومەتیش کاری باشمان کردووە و زۆربەی ئەو خەرجییانەی حکوومەت کە پێویست نەبوون، لاماندراون یان کەمان کردوونەتەوە، هەوڵماندراوە داهاتی ناوخۆ بەڕێژەیەکی بەرچاو زیاد بکەین، لەو ماوەیە جیا لەوەی کە ئێمە سەرچاوەی تری داهات دروست بکەین، هەر بە ڕێککەوتنەوەی ئەو داهاتەی لە حکوومەتی هەرێم بووە، داهاتی ناوخۆ دوو ئەوەندە زیادی کرد، بەڵام بەداخەوە لەو ماوەیە تووشی چەند قەیرانێکی تر بووین، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێم کە لە دونیاش بووە هۆی ئەوەی ئابووری زۆربەی زلهێزەکانیش پەکیان بکەوێت، کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر ئابووری هەرێم هەبووە، بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆیی، ئەوەش کێشەی زۆری بۆ دروستکردین، سەرەڕای ئەوەش ئێمە لە چاکسازی ئیداری و دارایی و لەو ڕیفۆرمانەی کە پێشکەشمان کردوون، بەردەوام دەبین. سەرۆکی حکوومەت لە وەڵامی پرسیاری هاووڵاتیان گوتیشی من لەگەڵتان دەبم و بەردەوامیش دەبین لە چاکسازی لە هەموو ئاستەکاندا.

لە بەشێکی تری وەڵامەکاندا سەرۆکی حکوومەت گوتی لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە پێویستە سەرچاوەکانی داهات لەناو هەرێمی کوردستان زۆر بکرێن و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەسترێت و جەختی لە پێویستی بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، پیشەسازی کردەوە.

بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و ئینستاگرام وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانەی دایەوە کە پێشتر هاووڵاتیان لە ڕێگەی هاشتاگی #لێم_بپرسە ئاراستەیان کردووە. سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی پرسیاری پلانی حکوومەت بۆ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی چییە؟ دەڵێت: ئەگەر بیرتان بێت لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەمان ئێمە جەختمان لەوە کردەوە کە پێویستە سەرچاوەکانی داهات لەناو هەرێمی کوردستان زۆر بکرێن و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستین، لەوکاتەدا باسمان لەوە کرد کە پێویستە کەرتی کشتوکاڵ، گەشتوگوزار و پیشەسازی گرنگی پێبدرێت.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەوڵەکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو کەرتانە گوتی: لە سەرەتای دەستبەرکابوونمانەوە لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان لە کابینەی حکوومەت کە لەسەر ئەم کەیسانە ئێش بکەین و چۆن بتوانین پەردەیان پێبدەین، هەندێک هەنگاویشمان هاوێشتووە، بۆ نموونە بودجەیەکی دیاریکراو تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی ژمارەیەک بەنداو، هەروەها بودجەمان تەرخان کردووە بۆ دروستکردنی سێ سایلۆی گەورە بۆ وەرگرتنەوەی بەروبووم جووتیاران.

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند ئەوان بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی ئەم کەرتانە فراوان بکرێن و گرنگییان پێ بدرێت، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییان بە وڵاتانی دەرەوەش کردووە کە بازاڕی دەرکیش بۆ بەروبووم ناوخۆ بدۆزنەوە و هەندێک نموونەشیان ناردووە بۆ وڵاتانی دەرەوە وەک تێست ئەم بازاڕە بۆ جووتیاران و بەرهەمهێنەرانی ناوخۆ بدۆزینەوە.

مەسرور بارزانی داوای لە هاووڵاتییان کرد بایەخ بە بەرهەمی ناوخۆ بدەن و گوتی: ئێمە بەردەوام دەبین، بەڵام زۆریش دەمێنێتەوە لەسەر خواست و ویستی هاووڵاتییان، داواتان لێ دەکەم ئیوەش گرنگی زیاتر بە بەرهەم و بەروبووم ناوخۆیی بدەن و ئێوە دەتوانن زیاتر یارمەتی جووتیاران و پیشەسازانی هەرێمی کوردستان بدەن، بۆ ئەوەی بەیەکەوە بتوانین ئەم کەرتانە بەرەو پێشەوە ببەین.

مەسرور بارزانی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چەند زمان دەزانێت و بە نیازی فێربوونی زمانی دیکە نیت؟ گوتی: من سێ زمان بەباشی دەزانم، کوردی و ئینگلیزی و فارسی، عەرەبیش تێدەگەم و ئەگەر بەتەنیا بم، لەوانەیە بتوانم ئیشوکارەکانی خۆشم بەڕێوە ببەم، بەڵام حەزم لێیە زۆر باشتر فێری زمانی عەرەبی ببم، ئەگەر کات و دەرفەت هەبێت حەزم لێیە فێری زمانی فەرەنسیش ببم.

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لە وەڵامی ئەوەی کە چەند منداڵت هەیە دەڵێت من چوار منداڵم هەیە، کچێک و سێ کوڕ، دوویان لە قۆناغی یەکەمی زانکۆن و دووەکەی دیکەش هێشتا لە قوتابخانەن و هەموویانم زۆر خۆش دەوێت.

جێی ئاماژەیە ماوەیەک بەر لە ئێستا سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لە هەژماری خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆستێکدا داوای لە هاووڵاتییان کردبوو پرسیاری لێ بکەن بۆ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە. مەسرور بارزانی لە پۆستەکەیدا کە لە هەردوو تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و ئینستاگرام بە هەریەک لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزیی بڵاویکردبووەوە، داوایکردبوو لە ڕێگەی هاشتاگی #لێم_بپرسە پرسیارەکانی ئاڕاستە بکرێت و نووسیبووی هەوڵ دەدەم لە ماوەیەکی نزیکدا بەڕێگەی ڤیدیۆ وەڵامی هەندێک لە پرسیارە باوەکان بدەمەوە. مەسرور بارزانی، نووسیبووی: سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو هاووڵاتییانەی کە بە ڕێگای سۆشیاڵمیدیا پرسیاری جۆراوجۆریان ئاراستەی ئێمە کردووە. ئامارژە بەوە کردبووە کە بە دەیان هەزار پرسیاری لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێگەیشتووە و ڕایگەیاندبوو خۆزگەم دەخواست بتوانم یەک بە یەک وەڵامی گشت خۆشەویستان بدەمەوە بەڵام ڕێژەی پرسیارەکان لە ڕادەبەدەرن و ئەمەش نیشانەی پەرۆشی هاووڵاتییانمانە بۆ زانینی پلان و بەرنامەی حکوومەت. هەروەها نووسیبووی خۆشبەختانە زۆربەی هاووڵاتییانمان پرسیارەکانیان لەبارەی چەند پرس و بابەتی دیاریکراوە، بۆیە لە دوای پۆلێنکردنیان بەجۆرێک وەڵامەکانم ڕێکدەخەمەوە کە بتوانم وەڵامی زۆرینەی پرسیارەکان بدەمەوە.



کاکەمین نەجار

قەوارەی هەرێمی کوردستان دەستووری و یاساییە

ماوەیەکە لە ئەنجامی ململانێی ناوخۆیی و کۆکنەبوونی پەیوەندییە نێوخۆییەکان، ژمارەیەک پەرلەمانتاری کوردستانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان باسی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن کە لای ئەوان باشترین چارەسەر بۆ دەربازبوونی ئەم دۆخە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانە.

بێ ئەوەی بزانن ئەم قەوارەیە چۆن هاتۆتە بوون و چۆن دەکرێ پارێزگاری زیاتری لێ بکرێت، نەوەک هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بدەن. ئەم قەوارەیە بەرهەمی خوێن و فرمێسک و خەبات و شەونخوونی میللەتێکی زوڵملێکراوە، ئەوانەی باسی هەڵوەشاندنەوەی دەکەن، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن وێڕای خەبات و قوربانیدان بۆ هاتنە بەرهەمی ئەم دەستکەوتە گەورەیە، ئەوا پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992فیدراڵی هەرێمی کوردستانی پەسەند کردووە. دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت لە عێراق لە ساڵی 2003لە دەستووری عێراق بوون و فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان بە یاسا و دەستوور چەسپێندرا. کەواتە ئەوانەی باسی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن ئەو مافەیان نییە و ناتوانن بە ئاڕەزووی ئەوان یاری بە مافی گەلەکەمان بکرێت.

ئەوەی جێگای تێڕامان سەرسوڕمانە ئەوەیە کە پەرلەمانتاری کورد لە عێراق لە جیاتی داکۆکی سەرسەختانە لە مافی گەلەکەی بکات و دەچێت هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی مافەکانی گەلەکەی هەرزانفرۆش دەکات. ئەوانەی خەڵکی کوردستان دەنگی پێدان و بوونە پەرلەمانتار بۆ ئەوە خەڵک دەنگی پێدان تا مافەکانیان بپارێزن نەوەک ببنە بەڵایەکی گەورە بۆ سەر مافە دەستووری و یاساییەکانیان.

ئەو چەند پەرلەمانتارەی باسی هەوڵەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن دەبێ شەرم لە خەبات و خوێنی ئەم گەلە نەکەن! دەبێ چۆن بتوانن ڕووبەڕووی منداڵ و کەس و کاری شەهیدان ببنەوە! یا ئەوانە با کیان بەهیچ نییە تەنیا خۆیان و بەس .

ئێمەش دەزانین دۆخی ئابووری مووچەخۆران و فەرمانبەران و هاونیشتیمانیانمان خراپە، بەڵام خراپبوونی دۆخی ئابووری مانای ئەوە نییە مافەکانی گەلەکەمان بخرێتە ژێر هەڕەشە و مەترسی گەورە. ئەوانەی بە بەهانەی خراپی دۆخی ئابووری دەیانەوێت قەوارەی هەرێمی کوردستان نەمێنێت، ئەگەر بەڕاستی لە خەمی خەڵک و مافەکانیاندان، بابێن پێکەوە شەڕی گەڕاندنەوەی مافی مووچەخۆران لە بەغدا بکەین.

ئەو پەرلەمانتارانە خۆشیان باش دەزانن ئەم دۆخە ئابوورییە ئەمڕۆ سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە، بەهۆی بڵابوونەوەی پەتای کۆرۆنا کە ئابووری زۆر وڵاتی گەورەی خستۆتە مەترسیەوە. بۆ کوردستانیش دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بەشە بودجە و شایستە داراییەکانمان لە بەغدا و کەمبوونەوەی داهاتی ناوخۆ، هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی مووچە و زەحمەتبوونی ژیانی خەڵکە. ئیدی چۆن دەکرێ بەم پاساوە هەوڵی لەباربردنی دەستکەوتێکی گەورەی وەک هەرێمی کوردستان بدرێت! بەدرێژایی مێژوو گەلەکەمان خەباتی کردووە و قوربانی بێشوماری داوە ئەم خەبات و قوربانیدانە تەنیا بۆ مووچە نەبووە، ئێمە کێشەی خاک و ئازادی و زمان و بوونی نەتەوەییەکمان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان هەیە نەوەک تەنیا مووچە، لەپێناو ئەم ئازادییە سەدان هەزار شەهید و قوربانیمان داوە، سەدان هەزار هاونیشتمانی بێ تاوانمان ئەنفال و زیندە بەچاڵکران، تەنیا تاوانیان کورد بوون بوو. شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان تاکە ئامانج و داواکارییان ڕزگاریی خاک و خەڵکی کوردستان بووە لە دەست ستەمی داگیرکاری. شۆڕشمان کرد تا نەوەکانی داهاتوومان بە ئازادی و سەربەستی شاد بن نەوەک خەڵکانێک بێنە سەرخوانی ئامادە و بەناوی گەلی کوردستانەوە لە بەغدا بڕیار لەسەر بوون و مافی ئێمە بدەن.

ئەوە ئێمەین خۆمان بڕیار دەدەین و دەستکەوتەکانمان دەپارێزین ئەگەر ئەو پەرلەمانتارانە دەیانەوێت خزمەتی خاک و خەڵکی کوردستان بکەن لە پەرلەمانی عێراق بابچن شەڕی مافەکانی گەلی کوردستان بکەن. بابچن بە یاسا ڕێگری لە بە عەرەبکردنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان بکەن. بابچن داوای جێبەجێکردنی ماددەی 140و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خەڵکی کوردستان لە بەغدا بکەن. ئیدی کاتی ئەوەیە خەڵکی کوردستانیش بەوانە بڵێ بوەستن ئێوە نوێنەری خۆتانن نەوەک ئێمە، ئێوە شەڕ بۆ خۆتان و گیرفانتان دەکەن، نەوەک بۆ خاک و خەڵکی کوردستان.

لێرەوە گرنگە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆشیارانەتر ئەو وتار و لێدوانانە بڵاو بکەنەوە کە خەڵکانێکی بەرژەوەندخواز لە ڕێگای پەیامەکانیان دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی، لە هەموو وڵاتان ئەوەی هەوڵی لەناوچوون و سڕینەوەی خاک و نیشتمانەکەی بدات، بە تۆمەتی خیانەتی نیشتمانی سزا دەدرێت، ئەمڕۆش لە کوردستان کاتی ئەوەیە بە یاسا ڕێگری لە فڕۆشتنی خاک بکرێت. با بەیاسا ڕێگری بکەین لەوانەی بە ناوی گەلی کوردستانەوە لێدوان دژی خاک و مافەکانی گەلی کوردستان دەدەن، قەوارەی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستووری و یاساییە و دانپێدانانی نێودەوڵەتی هەیە و بە هیچ کەس و گرووپێک لە بەریەک هەڵناوەشێتەوە.

ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان: لەگەڵ پێشمەرگە هەوڵدەدین بۆشاییە ئەمنییەکانی نێوانمان پڕ بکەینەوە



گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ڕایگەیاند ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە هێزە ئەمنییەکانمان ئەنجامی دەدەن، ئامانجی لێی ڕیشەکێشەکردنی شانەنووستووەکانی داعشە لە ناوچەکانی عێراق ئاماژە بەوەیش دەکات کە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵدەدەن بۆشاییە ئەمنییەکانی نێوانیان لە ناوچە جێناکۆکەکان پڕ بکەنەوە.

لیوا تەحسین خەفاجی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کرد بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکان، بەهۆی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراق کە لە ماوەکانی ڕابردوودا لە سنووری کەرکووک، باکووری دیالە و ڕۆژهەڵاتی سەڵاحەددین ئەنجامدراوە، ژمارەیەکی زۆری تیرۆریستی داعش بەرەو ناوچەکانی باکووری بەغدا هەڵاتوون و گوتی: لە ئێستادا شاری بەغدا لە ڕووی سەقامگیری و ئاسایشەوە پارێزراوە، هەروەها ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە هێزە ئەمنییەکانمان ئەنجامی دەدەن، ئامانجی لێی ڕیشەکێشەکردنی شانە نووستووەکانی داعشە لە ناوچەکانی عێراق. گوتیشی: ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە کۆبوونەتەوە و هەوڵدەدین بۆشاییە ئەمنییەکانی نێوانیان لە ناوچە جێناکۆکەکان پڕ بکەینەوە.

ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو، شاندێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە هەریەک لە سەرۆکی ئەرکان، فەریق جەمال ئیمینکی و ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، جەبار یاوەر و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی باڵای وەزارەت سەردانی بەغدایان کرد و لە میانیدا لەگەڵ شاندی وەزارەتی بەرگریی عێراق، جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان عەبدولئەمیر شەمەری کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ کرا لەبارەی کاراکردنەوەی لیژنەی کاری هاوبەش و ناوندەکانی هەماهەنگیی هاوبەش کە پێشتر لەنێوان هەردوولادا هەبوون، هەروەها باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە ناوچە جێناکۆکەکان کراوە، بەتایبەت کە ئێستا مەترسیەکانی تیرۆریستانی داعش زیادی کردووە و هەڕەشەی بەردەوامن لەسەر ئاسایشی ناوچەکانی ماددەی 140ی دەستوور.

بە گوژمەی 45 ملیار دینار شەش پرۆژەی کارەبا لە سنووری پارێزگای هەولێر تەواو دەکرێن

بەرپرسیاریا پارێزگەریّ دهۆکێ یێ نوو دگەل پارێزگەریّ بەریّ هاتنە ئالوگورکرن







180 ملیۆن کارەبای نیشتیمانی زیاد دەبێت

مین بە شوانکارێک دوتوقێتەوە و قاچێکی لە دەستدەدات



د. محەمەد قادر: شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا لە شەپۆلی یەکەم تووندترە



پرسەنامە

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

هەڤاڵی بەڕێز دکتۆر عەلی تەتەر

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو گولیزار محەمەد مستەفا نێروەیی. بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی خۆمان و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیمانەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

* * *

بۆ بەڕێز بنەماڵەی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی

بەبۆنەی کۆچی دوایی جەنابی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، ڕابەری تەریقەتی قادری، پرسەو سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و دەرویش و موریدانی تەریقەتی قادری دەکەم، داواکارم لەیەزدانی مەزن کۆچکردوو بەبەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامی بەبنەماڵەو شوێنکەوتووانی تەریقەتی قادری بدات،

انا لله وانا الیه راجعون

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەڕێوەبەرایەتیا کوردستانێ و حکومەتا کوردستانێ کر کو هەموو د هاریکاربون دگەل کارگێریا پارێزگەهێ ژبو خزمەتکرنا خەلکێ پارێزگەهێ.

پاش د. عەلی تەتەر دەستخوشی ل پارێزگەریّ دهۆکێ یێ بەریّ کر کو ب دلسوزی کار و ئەرکێن خو ئەنجامدانە و خزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ کریە. هەروەسا سوپاسیا سەرکردایەتیا کوردستانی و حکومەتا کوردستانێ و ئەنجومەنێ پارێزگەهێ کر کو متمانە دایە وی بو وەرگرتنا پوستێ پارێزگەریّ دهۆکێ وسوزدا ل جهێ وێ متمانێ کار وخزمەتێ بکەت.

گۆڕینی وێستگەی مۆبایلی پیرداود لە ناحیەی شەمامك، بە هەمان شێوە هاوبەشانی کارەبای ئەو سنوورە سوودمەند دەبن لە پرۆژەکە. پرۆژەی سێیەم گۆڕینی وێستگەی کەسنەزان و بەستنەوەی بە تۆڕی کارەبای هەولێر، ڤۆلتیەی کارەبای کەسنەزان و بنەسڵاوە و هاوبەشانیان سوودمەند دەبن لە پرۆژەکە.

ناوبراو دەشڵێت: پرۆژەکانی تر بەستنەوەی وێستگەی ئازادیی نوێ و کۆن بە تۆڕی کارەبای 132 کەی ڤی لە ڕۆژئاوای هەولێر و ئازادی بە دریژاییی شەش کیلۆمەتر لە ماوەی دوو مانگدا تەواو دەکرێت، تەواوکردنی وێستگەی ڕووناکی بە توانای 63 مێگاوات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئۆفەرلۆدی کەرتەکان لە گەڕەکانی ئیسکان، موفتی، ڕووناکی، سەیداوە و هەندێك شوێنی تر.

هەروەها گوتیشی: هەموو پرۆژەکان لە ماوەی دوو مانگدا و بەشێکیان تا چوار مانگ دەبێ تەواو بکرێن و کارەکانیان لەلایەن کۆمپانیایەکی ناوخۆییەوە دەکرێت، بەمەش تا ڕادەیەکی باش گرفتەکان چارەسەر دەبن و کاتژمێرەکانی کارەبا زیاد دەبن لەو ناوچانەی کە پرۆژەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت.

جەختی لەوەش کردەوە: کۆی گشتیی تێچووی ئەو شەش پرۆژەیە 45 ملیار دینارە، لە داهاتوودا کار لەسەر هەموو ئەو پرۆژانە دەکەین لە سنووری پارێزگای هەولێر، کە بەهۆی قەیرانی دارایی و مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە کارەکانیان وەستاون .

بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە دەکرێن

گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، حوسێن حەمە کەریم، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئێمە لە هەرێمی کوردستان بازاڕی ناوخۆ و بازاڕی عێراقمان هەیە و هەوڵی سێیەمیش ئەوەیە کە هەناردەی دەرەوە بکرێت و بە نیسبەت عێراق پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەگەڵیان و لێژنەی هاوبەش هەبێت و یەك ڕۆژنامەی کشتوکاڵی هەبێت، ئەمەش لە بەرژوەندیی هەرێم و بەغدایە. هەروەها گوتیشی: هەوڵی سێیەم ئەوەیە کە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی خۆمان هەناردەی دەرەوەی وڵات بکەین، ئێستا چەند کۆمپانیایەك لە هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەو پرسە دەکەن و لە ماوەیەکی نزیکدا کاریگەرییەکانی بەدەر دەکەوێت، چونکە ئەوانیش لە ڕووی کوالێتی و چەند لایەنێکی دیکەوە، چەند مەرجێکیان هەیە کە بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ وڵاتان هەناردە دەکەن، بۆیە کاری لەسەر دەکرێت. حەمە کەریم باسی لەوەش کرد: ئێستا وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی کشتوکاڵییە و لەم مانگانەدا کە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی کشتوکاڵییە و ئەگەر بازاڕ هەبێت و جووتیار هان بدرێت، هەوڵ دەدات لە وەرزەکانی دیکە بەرهەمی کشتوکاڵی بەرهەم بێنێت، بۆیە ئەگەر ئەو کارە کرا ئەوکات جووتیارانیش لە وەرزەکانی دیکە بەرهەمیان دەبێت.

گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا ڕایدەگەیەنێت، 180 مێگاوات کارەبای نیشتیمانی لە هەردوو وێستگەی غازی و وێستگەی کارۆناوی دوکان و دەربەندیخان زیاد کرا.

ئومێد محەمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەرهەمهێنانی 100 مێگاوات کارەبا لە وێستگەی غازی هەولێر زیاد کرا و خرایە ناو تۆڕی کارەبای نیشتمانییەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بۆ پاڵپشتیکردنی هەنگاوەکانی وەزارەتی کارەبا بڕی 25 ملیۆن دۆلاریان بۆ کۆمپانیایەك خەرج کرد، چونکە بە هۆی چاکسازی لە یەکەکانی وێستگە غازییەکان بڕی 700 مێگاوات کارەبا کەمی کردبوو.

محەمەد ئاماژەی بەوەش دا: بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بەپێی بەرنامەی بەردانەوەی ئاو لە وەرزی هاویندا، بڕی 80 مێگاوات کارەبا لە هەردوو بەندەوی دوکان و دەربەندیخان زیاد کرا، بەمەش کۆی گشتی 180 مێگاوات کارەبا خرایە ناو تۆڕی کارەبای نیشتیمانییەوە. دەشڵێ: وەزارەت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پشت بە سەرچاوەکانی وێستگەی خەبات و چەمچەماڵ و کەورگوسك و بەندەوی دوکان و دەربەندیخان دەبەستێت.

3 هاووڵاتی لە ئەنجامی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا

وەزارەتی تەندروستی ڕاگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا 3 هاووڵاتی لە ئەنجامی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 132 کەسی تر تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

ڕۆژی هەینی 2020-7-3 لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، وەزارەتی تەندروستی ڕاگەیاند: 3 هاووڵاتی لە ئەنجامی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 132 کەسی تر تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەش دا: 1 هاووڵاتی لە هەولێر و 2 هاووڵاتی لە سلێمانی گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها ئاماژەی بەوەش دا: 132 کەسی تر تووشی ڤایرۆسەکە بوون، 70 کەس لە هەولێر، 39 کەس لە سلێمانی، 13 کەس لە دهۆك، 5 کەس لە کەرکوك، 3 کەس لە گەرمیان و 2 کەس لە هەڵەبجە.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەش دا: 1 کەس لە هەولێر و 1 کەس لە سلێمانی لە نەخۆشخانەکان دەرچوون.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەش دا: 1 کەس لە هەولێر و 1 کەس لە سلێمانی لە نەخۆشخانەکان دەرچوون.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەش دا: 1 کەس لە هەولێر و 1 کەس لە سلێمانی لە نەخۆشخانەکان دەرچوون.

بۆ لەمەودوا پارێزگاکە پسوولە و کۆدی تایبەت بەخۆی دەبێت

پسوولەی خۆراکی هەڵەبجە لە سلێمانی جیادەکرێتەوە



بیارە

خورماڵ

بەمۆ

خەبات: عەلی بانیشاری

لە دوو حەفتەی داهاتوودا چاپی نوێی پسوولەی خۆراکی 2020 کە زیاتر لە یەک ملیۆن دانەیە دەگاتە وەزارەتی بازرگانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. پاش شەش ساڵ لە پارێزگابوونیشی بۆ یەکەمجار هەڵەبجە پسوولەی خۆراکی تایبەت بەخۆی دەبێت و لە پارێزگای سلێمانی جیادەکرێتەوە.

کاوە عەلی، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە بە(خەبات)ـی راگەیاند: لە بەغداوە پێیان راگەیاندووین چاپکردنی پسوولەی خۆراکی هەڵەبجە تەواو بووە. **گوتیشی:** بۆ مەلەودوا هەڵەبجە پسوولەی خۆراکی خۆی دەبێت کە کۆدەکەی جیاوازە لە هی پارێزگای سلێمانی. ئامارەی بەوەشدا پاش هەواڵ و ماندووبوونێکی زۆر و چەند جارێک سەردانیکردنی بەغدا توانیوویانە پسوولەی خۆراکی هەڵەبجە لە سلێمانی جیابکەنەوە. دەشڵێت: بەغدا بەڵێنی ئەوەی پێدابووین کە پسوولەی نوێی خۆراك چاپکرا ناوی هەڵەبجە بخرێتە سەر پسوولەکە.

بەپێی چاپی نوێی پسوولەی خۆراکی 2020ی هەرێمی کوردستان هەڵەبجە نزیکەی 28000 هەزار پسوولەی خۆراکی دەبێت. پسوولەی خۆراك لە عێراقدا لە 2019ـەوە چاپ نەکراوە، دیاریش نییە چاپە نوێیەکە تەنیا ئەمساڵ کاری پێدەکرێت یان بۆ ساڵانی داهاتوویش هاوولاتیان دەتوانن سوودی لێ ببینن.

جێگری پارێزگای هەڵەبجە دەڵێت: 23ی مانگی ڕابردوو پسوولەی خۆراکی تایبەت بە هەڵەبجە لە بەغدا چاپکراوە، بەڵام 2ی ئەم مانگە ناو و کۆد چووەتە سەر پسوولەکان و سەرجەم ڕێکارەکان تەواو بوون. کاوە عەلی باسی لەوەشکرد ئێستا هەڵەبجە هاوشێوەی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان پسوولەی خۆراکی خۆی هەیە.

جیاکردنەوەی پسوولەی خۆراکی هەڵەبجە کارئاسانی زۆر بۆ بازنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لەو پارێزگایە لە داهاتوودا دەکات. جێگری پارێزگای هەڵەبجە دەڵێت: بوونی پسوولەی خۆراکی تایبەت بە هەڵەبجە کارئاسانی بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکات تا بازنەی هەڵەبجە جیابکەنەوە. داواشی لە ئەندامانی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد کار لەسەر جیاکردنەوەی بازنەی هەڵەبجە لە بەغدا بکەن. کاوە عەلی دەشڵێت: جیاکردنەوەی پسوولەی خۆراك یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە.

هەروەها جێگری پارێزگای هەڵەبجە گوتی: لەگەڵ گەیشتنی پسوولەی خۆراکی سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە وەزارەتی بازرگانی راستەوخۆ پسوولەکان دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پسوولەی خۆراکی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە. **گوتیشی:** بێ بەرامبەر پسوولەی خۆراك دەدرێت بە هاوڵاتیان. **کاوە عەلی ئەوەشی گوت:** لەبەرئەوەی پێشتر جۆرێك لە تێکەڵی لە نێوان کۆدی هەڵەبجە و ناحیەکانی لەگەڵ سلێمانی هەبووە بەدروستی نازانین پارێزگای هەڵەبجە چەند پسوولەی خۆراکی دەبێت، بەڵام بەپێی کارتی زیرەکی نەوت بێت 27900 خێزانە.

پارێزگای هەڵەبجە لە ناوەندی قەزای هەڵەبجە و ناحیەکانی(خورماڵ، سیروان، بیارە، بەمۆ) پێکدێت. ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکە 122 هەزار کەس و ڕووبەری پارێزگاکە 1599 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. لە 13ی ئاداری 2014 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری بە پارێزگابوونی هەڵەبجەی واژۆکرد و لە31ی کانووی یەکەمی هەمان ساڵ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسایەکی لەبارەی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە پەسەند کرد.



جێگری پارێزگاری هەڵەبجە:
لە دوو هەفتەی داهاتوودا پسوولەی خۆراکی هەڵەبجە دەگاتە دەست هاوولاتیان



ئەوەی لەبارەی پزیشکی دادوەری نەتزانیووە، خەبات بەوردەکارییەوە بڵاویدەکاتەوە

پزیشکێکی دادوەری: زۆرترینی کەیسەکان ئەو منداڵانەن، کە دەستدرێژی سێکسییان دەکرێتەسەر



د. دیلمان ئازاد: ئێمە بۆمان نییە لە نەخۆشخانەی تایبەت کاربکەین و نۆرینگەمان هەبێت

ئەنجامی هیچ پشکنینێک نادەینە دەست هیچ کەسێک، جگە لەلایەنی پەیوەندیدار و دادگا

دیمانە: شلێر سەعید

هەستیاری و گرنگیی پزیشکی دادوەری لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی ئەو داوا یاساییانەی لە دادگاکاندا پێویستیان بە تۆێکاری تەرم و پشکنینی پزیشکی هەیە، لە تەواوی جیهاندا بە یەکێك لە پرنهێنی و فەرمانگە گرنگەکان هەژمار دەکرێت، کە هەردوولایەنی پزیشکی و دادوەری بەیەوەکەوە گرێدەدات. لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات د. دیلمان ئازاد حەسەن، پزیشکی پسپۆر لە پەیانگەی پزیشکی دادوەری هەولێر و مامۆستا لە کۆلێژی پزیشکی و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە بواری پزیشکی دادوەری، چەندین زانیاری گرنگ سەبارەت بە پزیشکی دادوەری دەخاتەڕوو:

لە سەرەتای قسەکانیدا د. دیلمان ئازاد سەبارەت بە ڕێکارەکانی وەرگرتنی تەرم لە پزیشکی دادوەری و چۆنییەتی تۆێکاری و داواکردنی پشکنین دەڵێت: هەموو مردوویەك دێتە پزیشکی دادوەری و ئەگەر گومانێك هەبێت لەسەر مردنەکەی، دەبێ پشکنینی بۆ بکرێت، ئەویش بەپێی نووسراوێك کە لەلایەن لێکۆڵەری دادی (محقق عدلی) بۆمان دێت و داوا دەکات کە ئەو شتانەی پێویستن تۆێکاری بۆ بکرێت لە جەستەی مردووەکە، بۆ نموونە شوێنەواری دەرەکی جەستە یان ژەهرخواردکردن، ئەگەر مردووەکە ئافرەت بێت ئایا دووگیانە یان نا، ئیدی ئیشی ئێمە لەو پرسیارانەوە دەست پێدەکات و ڕێکارەکانی تۆێکاریکردن بۆ تەرمەکە دەگرینەبەر.

لەوەڵام بەو پرسیارەی جگە لە تۆێکاری تەرم، لە پزیشکی دادوەری زۆرترین پشکنین بۆ کەسانی زیندووش دەکرێت ، جۆری ڕووداوەکان و ئەو کەیسانە چین؟ د. دیلمان دەڵێت: زۆرترینیان ئەو کەیسانەن کە منداڵەو دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەر، یان هاوڕەگەزبازی، تەنانەت گەورەو بە تەمەنیش لەو دوو جۆرە کەیسە هەن، هەندێکجاریش هەبوونی گومانە لەنێوان ژن و مێرد لەسەر پەردەی کچێنی. ئێمە تۆێکاری پزیشکی بۆ مردووان و بۆ زیندووانیش دەکەین، بەشی تۆێکاری زیندووانمان هەیە بۆ پیاوان و ئافرەتان، کە هەموومان شارەزایی تەواو و بڕوانامەی ماستەرمان هەیە.

لە بەشێکی دیکەی دیمانەکەیدا د. دیلمان ئازاد حەسەن دەڵێت: لە کاتی پشکنینی هەر کەسێك، سێ پزیشك واژۆی ڕاپۆرتە پزیشکییەکە دەکات و دەیدەینەوە کەیسەکە و دەیباتەوە لای دادوەر، ئێمە لە پزیشکی دادوەری بۆ ڕەگەزی نێر بەشی پیاوانمان هەیە، کە تەنیا پزیشکی پیاوی لێیە و بۆ ڕەگەزی مێ بەشی ئافرەتان هەیەو هەموو پزیشکەکات ئافرەتن، بۆیە هەرکەسێك کە دەستدرێژی کرایەسەر یان ژن و مێردی نوێ بوون و کێشەو گومان لەنێوانیان پەیدابوو، پێویست ناکات خۆیان دوابخەن، چونکە چەند زووتر بێنە لای ئێمە باشترە، ئەگەریش ڕووداوەکان لەحەفتەیەك کەمتربێت کارەکانیان ئاسانترە گومانی کەمتریش لە پشکنینەکان دەکرێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەیش کە ئایا ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری جگە لە دادگا و دادوەر، دەدرێتەوە بە خاوەنی کەیسەکە یان کەسوکاری تەرمەکە؟ د. دیلمان ئازاد گوتی: هەر ڕاپۆرتێك سێ کۆپی لێ دروست دەکەین، کۆپییەك لەلای خۆمان دەمێنێتەوەو دیکیۆمێنت دەکرێت ، کۆپییەکیش دەدرێتەوە لێکۆڵەرەوەی داد و کۆپییەکیش دەدرێتە خاوەنی کەیسەکە.

پاراستنی نهێنی ئەو تەرمانەی تۆێکاریان بۆ دەکرێت یەکێك لە مەرجە سەرەکی و یاساییەکانە، ئێمە دەپرسین پاراستنی ئەو نهێنییانە لە ئەستۆی پزیشکی دادوەری دەبێت یاخود دەزگاکانی پۆلیس و دادگا؟ د. دیلمان ئازاد دەڵێت: پاراستنی نهێنی هەموو تەرمێك دەکەوێتە ئەستۆی هەردوولا، ئێمە و پۆلیس، ئێمە بەهیچ شێوەیەك ئەنجامی هیچ پشکنینێك نادەینە دەست هیچ کەسێك، جگە لە لایەنی پەیوەندیدار و دادگا.

ژمارە و ڕێژەی ئەو کەیسانەی بۆ تۆێکاری و پشکنین دەبردرێنە پزیشکی دادوەری چۆنە و زیاتر چین؟ د. دیلمان ئازاد لە وەڵامی ئەو پرسیارە گوتی: ژمارە و ڕێژەی کەیسەکان بە پێی ساڵ و وەرز و کات و ڕووداوەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە نۆرەی ئێشکگری ئێمە 10 مردوو هەیە، هەندێکجاریش لەوانەیە دوو کەیس هەبێت، ئینجا کەیسی ڕووداوی هاتوچۆ یان کوشتن یان کارەبا، یاخود مردنی لەناکاو و تووندوتیژییە خێزانییەکان، بەڵام ئەو تەرمانەی ئێمە تۆێکاری تەواویان بۆ دەکەین ئەوانەن، کە گومانیان لەسەرە.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەیدا سەبارەت بە توانای پزیشکی دادوەری لە دابینکردنی ئامێری پشکنین و پێداویستییەکان، ئایا گەیشتۆتە ئاستی ستانداردە جیهانییەکان؟ د. دیلمان دەڵێت: سەبارەت بە پەیانگای پزیشکی دادوەری هەولێر، بەڕاستی زۆر شتمان هەیە و پزیشکی شارەزاو بەتوانامان هەیە، بەڕێوبەرەکەمان هەرشتێکمان پێویست بووبێت دابینی کردووەو لێرەوە سوپاسی دەکەم، پزیشکەکان وەك سەربازی ون کاردەکەن، تەنیا ئامێری پشکنینی مادە هۆشبەرەکانمان نییە کە زۆریش پێویستە هەبێت.

ئەو کەسانەی داوای پشکنین دەکەن لە پزیشکی دادوەری هەمووی لەسەر فەرمانی دادگایە یاخود هاوولاتی ئاسایی دەتوانێت راستەوخۆ داوای پشکنین لە ئێوە بکات؟ د. دیلمان ئازاد دەڵێت: نەخێر. هەر پشکنێك دەبێت لەسەر داوای دادوەر بێت، ئێمە تەنیا وەڵامی لایەنی فەرمی و دادوەر دەدەینەوە. وەڵامەکانیش بە لیژنە دەدەینەوە، هەر لیژنەیەك لەسێ پزیشك پێکدێت، یەکێکیان دەبێتە سەرۆکی لیژنە، بۆ ئافرەتان تەنیا پزیشکی ژنن و بۆ پیاویش لیژنەی پیاوەکان، بەڵام هەندێك حاڵەت هەیە دەبێ لیژنەکە پیاو و ئافرەتی تێدابێت.

لە کۆتایی دیمانەکەیدا، د. دیلمان ئازاد حەسەن دەڵێت: لە بەرانبەر ئەو کارە قورس و پڕ وردەکارییەدا، ئێمە هیچ دەرماڵەیەکی تایبەتمان نییە، تەنانەت ناتوانین وەك پزیشکی دیکە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان کاربکەین و نابێ نۆرینگەشمان هەبێت، چونکە کەیسەکان هەستیارن و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە یاسا و پرۆسەی دادوەرییەوە هەیە، هاوکات مووچەشمان لە مووچەی پزیشکانی دیکە کەمترە.

لەکارێکی مەیدانیدا لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن بەدواداچوونێکی بۆبابەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرت و باسی دەرچوون کرد، کە تاچەند ئەو دەنگزیانەی لە بابەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرت و باسی دەرچوون دەکرێت ڕاستن؟ ئایا کام قوتابیانەن پەنا بۆ ئەم جۆرە باسانە دەبەن ؟ ئایا ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکان جێگای ڕەزامەندی مامۆستایانە ؟ نرخی هەریەك لە ڕاپۆرت و باسەکان چەندە؟ڕاپۆرت نووسەکان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك چەند کاتییان دەوێت و چ کاتێك کاریان زۆرە و چەندین پرسیاری دیکە تەوەری ئەم بەدواداچوونەمان بوو؟



خەبات چیرۆکی کڕین و فرۆشتنی باسی دەرچوون و ڕاپۆرت لەلایەن ئامادەکاران و کڕیارانەوە دەگێڕێتەوە

نرخی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک 10هەزارە و باسێکی دەرچوون تا 50هەزار دینارە

تەنها ڕاپۆرت

سەرەتای بەدوادا چوونەکەم سەردانی دووکانێکم کرد کە نوسرابوو بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرت، کاتێك چوومە ژوورەوە دوو گەنج دانیشتبوون سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرت بوون و پرسیم ڕاپۆرت بەچەند ئامادە دەکەن ؟ لەوەڵامدا وتی: لەسەر چ بابەتێك دەتەوێت و ئەوی تر وتی: بە چ زمانێك ناچار وتم بە کوردی دەمەوێت و لەبارەی مێژوو ، گەنجەکە وەڵامی دایەوە کە خۆی نرخی 15000 ە بەڵام بە 10000 بۆت ئامادە دەکەم ، دواتر وتم من باسی دەرچوونم ئەوێ وتی: ئێمە تەنها کاری ڕاپۆرت دەکەین ، پرسیم کەسێکم پێبلێن بۆم ئامادە بکات گەنجەکە ناونیشانێکی پێدام و منیش بەرەو ناونشانەکە ڕۆشتم هەر لە دوکانەکە خۆی نوسرابوو بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و (بحث تخرج)

ئامادەکارەکەی باسی دەرچوون (بحث تخرج)

لەگەڵ خاوەن دووکانەکە کەوتینە گفتوگۆو لێم پرسی ئێوە مۆڵەتتان هەیە؟ لە وەڵامدا وتی : بەڵێ مۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریم هەیە پرسیم نرخەکانتان چۆنە؟ لە وەڵامدا وتی : بەپێی ماندوو بوونەکەیە نرخی باسی دەرچوون 40000 - 50000 دینارە وڕاپۆرتیش 10000 دینارە.

سەرچاوە

*دەربارەی ئەوەشی کە ئایا چۆن باسێکی دەرچوون ئامادە دەکەن؟ ئایا خۆتان بەدوای سەرچاوە دەگەڕێن یان خاوەن باسەکە ڕادەسپێرن بۆ پەیداکردنی؟ ئەو خاوەن دووکانە کە نەیویست ناوی هەبێت ئاماژەی بەوەدا کە قوتابیەکە خۆی پلانی باسەکەی لەڕێگای مامۆستاوە وەرگرتووە ئیتر بەپێی ئەو زمانەی ئەو ئەیەوێ خۆمان بۆی ئامادە دەکەین و من خۆم سەرچاوە چ لە ئەنترنێت یان کتێب پەیدای دەکەم بۆ باسەکە.

سێ زمانی جیاواز

*دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەوان بەچەند زمان باسەکان ئەتوانن ئامادە بکەن ئەو وتی: بەهەرسێ زمانی کوردی ،عەرەبی و ئینگلیزی ئامادەی دەکەین .

ڕاپۆرتە زانستییەکان

*دەربارەی ڕاپۆرتە زانستییەکانیش پرسیم کە پشت بە چی دەبەستن؟ خاوەنی ئەم دوکانی ڕاپۆرت و باسی دەرچوونە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ڕاپۆرتە زانستییەکان کەمتر ئامادە دەکەن ئەو وتی : ئەوانەی کە قوتابی کەوتبێتە بەر ئەم جۆرە باسانە زۆرجار ڕاپۆرتەکەی بۆ ئامادە دەکەن و ئەو قوتابیە تەنها ناوی خۆی لەسەر دادەنێت و ئەوەندە ئەزانێت کە ئەو باسەی بۆ ئامادە کراوە چی تێدایە.

ژمارەی ڕاپۆرتەکان

*دەربارەی ئەوەی کە ئایا ڕۆژی چەند ڕاپۆرت ئامادە دەکەن ؟ ئامادەکارەکە وتی : ڕۆژی دوو ڕاپۆرت ئامادە دەکەین قوتابی ڕاپۆرتیان زۆر دەوێت ئێستا یەکێك هاتبوو حەوت ڕاپۆرتی دەویست هەموویان مامۆستا داوای لێدەکات لەبەر کۆرۆنا دەوام ڕاگیرا بۆ ئەوەی بەو ڕاپۆرتانە تەعویزی ئەوە بکەنەوە وخوێندنەکە بەردەوام بێت.

داواکارەکانی ڕاپۆرت ؟

ئەو کاتەی ئێمە سەرگەرمی گفتوگۆ بووین قوتابییەك هاتە ژوورەوەو داوای لێکرد ڕاپۆرتێکی بۆ ئامادە بکات ،بەڵام ڕاپۆرت نووس ئامادە نەبوو وتی: زۆر زۆر ڕاپۆرتم لەلایەو ناتوانم وەریبگرم بڕۆ بۆ تەنیشتەکەم بۆت ئەکات قوتابییەکە لەوەڵامدا وتی: هەر ئەو منی بۆ لای تۆ ناردووە ئەویش وتوویەتی ناتوانم و ڕاپۆرتم زۆر لایە خاوەن دوکان داوای ناونیشانی ڕاپۆرتەکەی کرد، بەڵام قوتابیەکە لە مۆبایلەکەیا پیشانی خاوەن دوکانەکەیدا و خاوەن دوکانەکەش ڕووی لەمن کرد و وتی: بزانە ناونیشانەکەی نازانێت، دواتریش ڕاپۆرتەکەی لێ وەرنەگرت قوتابیەکە قوتابی یەکێك لە پەیانگاکانی نەوت بوو.

داواکاری دووەم بۆ ڕاپۆرت خۆی کرد بە دووکانەکەیاو وتی: نۆ ناونیشانم هەیە یەك دانەم لەو نۆ ناونیشانە کە قوتابی پەنا بۆ باسی ئامادەکراو دەبات لەوانە خۆ ماندوو نە کردنی قوتابی بۆ گەڕان بە دوای سەرچاوەو فێر نە بوونی قوتابی لە چۆنیەتی نوسینی ڕاپۆرت و تۆژینەوەی زانستی لە ماوەی خوێندنی زانکۆییدا ، نەبوونی ڕۆشنبیری پێویست و بایەخ نە دان بە خوێندنەوەی کتێب، بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆر بە ئامێرە کانی تەکنە لۆژیای سەردەم ، بە مەش بواری بایەخ دانی بە خوێندن و خۆڕۆشنبیرکردن کەم بۆتەوە.

بە داخە وە نە بوونی جدیەت لەلایەن هەندێ مامۆستایانەوە ئەم ئەرکەی لەلایەن قوتابیانەوە بێ بەها کردوە، چونکە بە دواداچونی مامۆستا لەم بارەیەوە گرنگی و کاریگەی ری خۆی هەیە ئەویش وەکو پێویست نییەلە کارێکی زانستی وەهادا، هەندێ جار کەمتەرخەمی مامۆستا دە بێتە هاندەر بۆ قوتابی کە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت ،چونکە هەست دەکات کە قوتابی پەنا بۆ باسی ئامادەکراو دەبات لەوانە خۆ ماندوو نە کردنی قوتابی بۆ گەڕان بە دوای سەرچاوەو فێر نە بوونی قوتابی لە چۆنیەتی نوسینی ڕاپۆرت و تۆژینەوەی زانستی لە ماوەی خوێندنی زانکۆییدا ، نەبوونی ڕۆشنبیری پێویست و بایەخ نە دان بە خوێندنەوەی کتێب، بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆر بە ئامێرە کانی تەکنە لۆژیای سەردەم ، بە مەش بواری بایەخ دانی بە خوێندن و خۆڕۆشنبیرکردن کەم بۆتەوە.

بە داخە وە نە بوونی جدیەت لەلایەن هەندێ مامۆستایانەوە ئەم ئەرکەی لەلایەن قوتابیانەوە بێ بەها کردوە، چونکە بە دواداچونی مامۆستا لەم بارەیەوە گرنگی و کاریگەی ری خۆی هەیە ئەویش وەکو پێویست نییەلە کارێکی زانستی وەهادا، هەندێ جار کەمتەرخەمی مامۆستا دە بێتە هاندەر بۆ قوتابی کە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت ،چونکە هەست دەکات کە قوتابی پەنا بۆ باسی ئامادەکراو دەبات لەوانە خۆ ماندوو نە کردنی قوتابی بۆ گەڕان بە دوای سەرچاوەو فێر نە بوونی قوتابی لە چۆنیەتی نوسینی ڕاپۆرت و تۆژینەوەی زانستی لە ماوەی خوێندنی زانکۆییدا ، نەبوونی ڕۆشنبیری پێویست و بایەخ نە دان بە خوێندنەوەی کتێب، بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆر بە ئامێرە کانی تەکنە لۆژیای سەردەم ، بە مەش بواری بایەخ دانی بە خوێندن و خۆڕۆشنبیرکردن کەم بۆتەوە.

بە داخە وە نە بوونی جدیەت لەلایەن هەندێ مامۆستایانەوە ئەم ئەرکەی لەلایەن قوتابیانەوە بێ بەها کردوە، چونکە بە دواداچونی مامۆستا لەم بارەیەوە گرنگی و کاریگەی ری خۆی هەیە ئەویش وەکو پێویست نییەلە کارێکی زانستی وەهادا، هەندێ جار کەمتەرخەمی مامۆستا دە بێتە هاندەر بۆ قوتابی کە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت ،چونکە هەست دەکات

خاوەن دوکانێك: قوتابی دێت ناونیشانی ڕاپۆرتەکە نازانێ کە داوای لێکراوە من ئەوونەی خەفەتی لێئەخۆم پارەی لێناخۆم قوتابیان بەگشتی دێنە لای ئێمە بەزۆریش ئەهلییەکان و حکومی ئێواران و پەیمانگاکان .



مامۆستایەك: کەمتەرخەمیە کی زۆرهە یە لە لایەن هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ، بە هۆی تێکەڵ کردنی خوێندن بە کاری بازرگانییەوە لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی خوێندن کوالێتی خۆی لە دەست دەدات ودروشمی خوێندن بۆ شەهادە جێگای دروشمی خوێندن بۆ زانست و فیربوونی گرتۆتەوە



مامۆستا هەینی قادر : بە ڕای من دەزگاکانی زانستی و بنکە کانی تۆێژینەوەی زانکۆ و پە یمانگاکان لە بەڕ بەها کردنی زانست و مە عریفە بەڕپرسی یەکەمن

کرد کە دەڵێت: ناکرێت ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕی جیاواز کە زیاتر لە (3000) ە لە بازاڕ ئامادە بکرێت بۆچوونی ئەوان چییە؟ ئەوئاماژەی بەوەدا کە ئەوە دووجۆرە ئەو وتی: ئەمە دوو جۆری هەیە ، جۆری یە کە م ئە و کەسە وە یاخود ئەو کتێبخانانە ی بە م کارە هەڵ دەستن تەنها چوار چێوە و هێڵە گشتیەکانی ڕاپۆرت و باسی دەرچوون دەدەنە قوتابی لەگەڵ ناوی هەندێ سەرچاوە و کتێبی پێویست، جاری واش هەیە سەرچاوە کانی لای خۆی بە خواستن دەداتە قوتابی بە حسابی ڕۆژانە کرێی کتێبەکەی لەسەر حساب دەکات وە هاوکاریشی دەبێت لە دیاری کردنی بابەتەکان بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکە یان تۆێژینە وەکە.

جۆری دووەم : ئەو بنکە و کتێبخانانەن (بۆیە دە ڵێم بنکە ،چونکە بۆتە پیشەیان و پسپۆڕیان لێ وەر گرتوە دەبێ سەرەش بگری تاکارەکەت بۆ تەواو دەکات)کە کاریان تە نها ئامادە کردنی ڕاپۆرت و باسی دەرچوونە ، هەڵبە تە ئە مەش بەرامبەر پارە دە کرێت نرخە کەی بە پێی قە بارەی تۆێژینەوەکەیە ، بێگوومان لە ئامادە کردنی ئەو جۆرە تۆێژینە وانە زیاتر پشت بە زانیاریە کانی ئەنتەرنێت دە بەسترێت نە وەك سەرچاوە ی کتێبی کاغەز.

***دەربارەی ئەوەشی کە ئایا کێ بەرپرسیارە لەم سووککردنی مەعریفەیە ئەو مامۆستایە وتی :**

بە ڕای من دەزگاکانی زانستی و بنکە کانی تۆێژینەوەی زانکۆ و پە یانگاکان لە بێ بەها کردنی زانست و مە عریفە بەڕپرسی یەکەمن، چونکە دەتوانن سنوریك دابنێن بۆ ئە م فە وزایە ی کە ئە مڕۆ لە ناوەندە کانی زانکۆو پەیانگاکانی کوردستاندا هەیە لای ئەو زانکۆ وەکو ناوەندێکی مەعریفەو زانست نابیندرێت وە هیچ لێپرسینەوە یەکیش نیە ،بۆیە ئاستی زانستی ڕۆژبەڕۆژ لە خراپبوندایە، ئەگەر کەمتەرخەمیش لەو ڕووەوە لە مامۆستا و قوتابی هە بێت، بەڵام بەڕپرسیارێتی گەورە دەکە وێتە سەر ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی باڵا ، بەهە مان شێوە بە شێك لەو کەم و کورتیانە ش بەر وەزارەتی پەروەردە ش دەکەوێت ،چونکە ژمارەیەك پەیانگا یان هەیە کە هەمان کێشە یان هەیە ،ئەمەش بەو مانایە نیە کە هەموو مامۆستایەك و قوتابییەك لەم ئاستەدابن بەڵکو قوتابی باش و مامۆستای باشیش هەیە کە ئەم جۆرە کارانە ڕەت دەکەنەوەو لە بەجێ هێنانی ئەرکی خۆیان دڵسۆز وجدین.

***دەبارەی ئەوەشی کە ئایا بەشێك لەم بەرپرسیارێتییە زانکۆ ئەهلییەکان نین؟ مامۆستا هەینی قادر وتی :**

ناکرێت بە ڕەهایی هەموو زانکۆ ئە هلیەکان بەهۆکاری ئەم کەم و کورتیە دابنێین ،چونکە ئەوانیش زانکۆی باش و خراپیان هەیە و بەشێکن لە پڕۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە هەندێکیان وێرای ئەم کێشەیە ئاستی خوێندنیشیان نزمە قوتابیان دەردەچن، بەڵام هیچ فێرنابن، بۆیە کاتێك دێتە سەر باسی دەرچوون بەشێکیان بەس لە ڕووی شێوەوە باسێکی جوان ئامادە دەکەن، بەڵام لە ڕوی ناوەرۆکەوە هیچ مەرجێکی زانستی تێدا نیە، ئەمە بۆ هەندێك لە زانکۆکان و پەیانگاکانی حکومیش ڕاستە.

بە گشتی لەو بارەیەوە کەمتەرخەمیە کی زۆرهە یە لە لایەن بەرپرسانی باڵای پەیوەندیدار لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ،چونکە خە ریکە بە هۆی تێکەڵ کردنی خوێندن بە کاری بازرگانییەوە لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی خوێندن کوالێتی خۆی لە دەست دەدات ودروشمی خوێندن بۆ شەهادە جێگای دروشمی خوێندن بۆ زانست و فیربون بگرێتەوە. ئەمەش ئەگەر وابروات و چارە نە کرێت کارەساتە، چونکە چەند ساڵێکی تر لەشکرێکی شەهادەدار ،بەڵام کۆڵەوار دروستدەبێت.



سەرۆک مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگە فیداکار و پارێزەری کوردستانن









کاروان محەمەد سینو

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە نێو حکوومەتی عێراقی فیدراڵدا، کیانێکی دەستووری دانپێنراوە لە سەر ئاستی عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی و تەنانەت لە سەرانسەری جیهانیشدا. هەڵبەت ئەم کیانە هەروا لەخۆڕا پەیدا نەبووە و کەسیش (لەڕای خوا) خێری بە خەڵکی کوردستان نەکردووە و نەیان گوتووە (فەرموون ئەوە کیانی هەرێمی کوردستان بۆ ئێوە). بەڵکو هەرێمی کوردستان دەرەنجامی خەباتێکی سەدسالەی بارزانی و پارتی و پێشمەرگە و خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بووە، دەریایێک خوێن کراوەتە قوربانی، بەسەدان هەزار شەهید و کیمیاباران و ئەنفال و بێسەروشوێن بوونەتە قوربانی لەپێناو ئەمڕۆی کوردستان. کەچی جارجار لێرە و لەوێ دەبیستین کە هەندێک کاڵفام و سیخوڕ و خائین و خاک فرۆش و خۆفرۆش؟!، هاوئاراستەی ئەجندای دوژمنان بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن!!، وەک بڵێی هەرێمی کوردستان (ریس)ی* بەردەستی ئەوان بێ و هەرکات بخوازن (دەیکەنەوە بە خوری) و هەڵی دەوەشێننەوە. دەمەوێ هەموو خەڵکی کوردستان ئەوە راستییە بزانن کە خەونی خائین و کاڵفامانی سیاسی لە کوردستان و ئامانجی دوژمنان بە سڕینەوەی هەرێمی کوردستان (خەونی حوشترە)، تەنانەت ئەگەر هەوڵ و بانگەشەی ئەوەش بکەن بە مل شکانی خۆیان کۆتایی دێت.

لە مێژووی نزیکی خەبات و شۆڕشی پارتی و بارزانی، چەندین جار بینیومانە کە دوژمن و خائینانی کورد پەلاماری شۆڕش و دەستکەوتەکانی کورد و پارتی و بارزانی و کوردستانیان داوە، بەڵام دواتر لێیان بۆتە (خەونی حوشتر) و بە زیان و سەرشکانی خۆیان کۆتایی هاتووە و جادووەکەیان بەسەر خۆیانەوە هەڵگەڕاوەتەوە و پارتی و بارزانی و کورد و کوردستان رۆژ دوای رۆژ پەرەگی بوونی خۆیان لە ناخی خاکی کوردستاندا زیاتر و زیاتر چەقاندووە. یادی بەخێر مامۆستا هەژاری شاعیر زۆر لەمێژە گوتوویەتی:

زۆر لەمێژە و بەر لە مێژوون، سەربڵندی و بوون و ژینم
هەر هەم و هەر چین لە دوای چین، مەرگی داگیرکەر دەبینم
دوژمنانی کورد زۆر هاتوونە سەرم و ڕاو نراون
من لە مەیدانی خەباتا هەر چەقیوم، من سەفینم..من سەفینم

لێرەدا تەنها بۆ وەبیر هێنانەوە چەند هەوڵێکی خائین و دوژمنان دەخەمەروو کە نیازیان بووە شۆڕش و دەستکەوتەکانی شۆڕش و پارتی و بارزانی و قەوارەی کوردستان نەهێڵن، بزانن ئاکامیان چی بوو و چییان بەسەر هات.

- لە 15ی کانوونی یەکەمی 1946 کۆماری کوردستان داگیر کرا و سوپای شاهەنشا چوونە نێو شاری مهاباد. بەڵام مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی ملکەچی ئەو واقیعە نەبوون و دوای شەڕ و بەرگریی لەنێوان هێزی شۆڕشگێڕی مستەفا بارزانی و سوپای هەرسێ وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا، مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە 18ی حوزەیرانی 1947 چوونە ناو خاکی روسیا (یەکێتی سۆڤییەتی جاران) و پاش 12ساڵ خەبات و پەنابەری، ڕژێمی عێراق رووخا و جەنابی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بەسەربەرزی وەکو قارەمانانی شۆڕش گەڕانەوە عێراق و کوردستان و قۆناغێکی دیکەی خەبات دەستی پێکرد تاکو دەگاتە ئەمڕۆی کوردستان.

-لە 11ی ئەیلوولی 1961 پاش ئەوەی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم، دانی نەنا بە مافەرەواکانی خەڵکی کوردستان و پەلاماری خاکی کوردستانی دا، مستەفا بارزانی شۆڕشێکی بەرپاکرد، کە نموونەی شۆڕ و بەرخودان بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و سەرانسەری جیهان لە ڕووی دامەزراوەیی و سەربازی و دیپلۆماسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و نیشتیمان پەروەری، لە دواجار ڕژێمی عێراق چوکی دادا بو خواست و داواکارییەکانی بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول و ڕێکەوتنی 11ی ئازاری 1971 لەگەڵ مستەفا بارزانی ئیمزا کرد، کە یەکەم دیکۆمێنتی دان نانە بەمافەکانی خەڵکی کوردستان لە مێژووی بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کوردستان.

- لە 6ی ئازاری 1975 پاش ئەوەی ڕژێمی عێراق بەشێکی زۆری خاکی عێراقی کردە دیاری بە ئێران تەنانەت بۆ ئەوەی دۆزی کورد و شۆڕشی مستەفا بارزانی لەناو ببەن، هەریەکە لە ڕژێمی عێراق (بەعسی سەدام) و ڕژێمی ئێران (محەمەد رەزا شا پەهلەوی) ڕێککەوتن و مساومەیان کرد لەسەر بەخاکی عێراق. بەڵام دواتر ئەم مساومە و ڕێککەوتنە بووە ئەگەری شەڕ و پێکدادان لە نێوان هەردوو رژێمی عێراق و ئێران و بەسەدان هەزار کەس بوونە قوربانی ئەم شەڕەیان، کە 8 ساڵی خایاند. لە ئەنجامدا هەر شۆڕش و پارتی و بارزانی سەرکەوتن و لە بەهاری 1991 پێشمەرگە و میللەت لەڕاپەڕینێکی کەم وێنەدا دەسەڵات و کۆشک و تەلاری رژێمی سەدام حوسێنیان لە کوردستان ڕامالی و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

- لەچەند ساڵی ڕابردوودا قەوارەی هەرێمی کوردستان کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی تیرۆرستانی داعش(2014) و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017. بەڵام قارەمانێتی و خۆڕاگریی پێشمەرگەی کوردستان لە سایەی ڕابەرایەتی و سەرکردایەتیی و بەشداری راستەوخۆی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە بەرەکانی جەنگ هۆکاری سەرەکی بوون کە قەوارەی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان بەپارێزراوی بمێننەوە.

بۆیە هەردەم وەکو خەڵکی کوردستان پشت و پەنا و متمانە و باوەرییەکی بەهێزمان بە سەرۆک مسعود بارزانی هەیە، کە تاکە هیوا و ئومێدی هەموو خەڵکی کوردستانە بۆ بەدەستهێنانی مافەرەواکانمان لە ئازادی و سەربەخۆیی و پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان. ئەوەی زیاتر دڵنیامان دەکات ئەوەیە کە لەهەر پلە و پۆستێکدا بووە سەرۆک بارزانی پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئەمەکداری خاک و خەڵکی کوردستان بووە. هەموومان لەبیرمەنە کاتێک سەرۆک بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا، بەرێزیان فەرموی: « لە هەر پلە و پایەیەکدا بم، من هەر پێشمەرگە و خزمەتکاری کوردستانم».

بێگومان خەبات و خزمەت و پێشمەرگایەتی لە ناخی سەرۆک بارزانیدا واتا و مانایەکی تایبەتی هەیە، سەرۆک بارزانی لە پێناو وەدەستهێنانی مافەرەواکانی خەڵکی کوردستان بە ئومێدێکی زۆرەوە بۆتە پێشمەرگە، هەروەک بەرێزیان لە ساڵیادی بوونی بە پێشمەرگە فەرموویەتی: « بە بڕوا و ئومێدێکی زۆرەوە بووم بە پێشمەرگە».

سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی و کاریزمای سەرۆک بارزانی، دەرەنجامی خەباتێکی دوور و درێژ و هەوراز و نشێوی خەبات و پێشمەرگایەتی ئەو بووە، هەروەها ئەزموونی پێشمەرگایەتی قوتابخانەیەکی گەورە بووە و جەنابی مستەفا بارزانی مامۆستایەکی گەورە بوو بۆ سەرۆک بارزانی، هەروەکو بەرێزیان خۆی دەفەرموێ: « ئەزموونی پێشمەرگایەتی بۆ من گەورەترین قوتابخانە بووە و لەو قوتابخانەیەشدا ئێمەی پێشمەرگە مامۆستایەکی گەورەی وەک بارزانیی نەمرمان هەبووە».

دۆستان و نەیاران و دوژمنانی کورد، هەموویان چاک دەزانن کە سەرۆک بارزانی ڕابەرێکی پسپۆر و تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەرە، سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار و کلیلی چارەسەری کێشە بنبەستەکانە، هەردەم خۆڕاگر و وریا و میهرەبانە، قوتابییەکی سەرکەتووی رێبازی بارزانیی نەمرە، هەروەک جەنابیان دەفەرموێ: « هەوێنی خۆراگری و وریابەرزیمان لە خەباتدا، ئەم ئامۆژگارییەی باوکم بووە کە(لە شکستدا نائومێد نەبین و لە سەرکەوتندا لەخۆبایی نەبین».

بۆیە لەسایەی سەرۆک مسعود بارزانیدا، هێزی پێشمەرگە فیداکار و پارێزەری خاک و هەموو خەڵکی کوردستانن بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانییەوە. مێژووی خەباتی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان سەدان داستان و قارەمانێتی پێشمەرگەی بە ڕابەرایەتی و بەشداربوونی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی تۆمار کردووە، کە ئەستەمە لەم چەند دێرەدا بیانخەمە روو، لەوانە:

- لە داستانی خواکورکدا (1988) جەنابی سەرۆک بارزانی سەرکردایەتی و بەشداری راستەوخۆی ئەم داستانەی کرد، ئەمەش بووە هۆی سەرکەوتنی گەورەی پێشمەرگەی پارتی و بارزانی بەسەر ئەو هێرشە دڕندانەیەی ڕژێمی سەددام کە بۆ قەڵاچۆکردن و بنبڕکردنی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان هاتبوون. کەچی لە کۆتاییدا بە شکستی سوپای ڕژێمی عێراق کۆتایی هات.

- لە شەڕ و داستانەکانی بەرگری و هێرش و ئازادکردنی خاکی کوردستان لە دەستی تیرۆرستانی (داعش) لە ساڵانی 2014 و 2015 و 2016 و 2017 ، قوربانیدانی پێشمەرگەی کوردستان و دارشتنی پلان و بەشداری راستەوخۆ و سەرکردایەتی و چاودێری سەرۆک بارزانی لەم داستانانەدا، بوونە هۆی شکاندنی دێوەزمەی (داعش) و ڕووخاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. بێگومان داستانەکانی (ڕەبیعە و زومار و ئازاد کردنی چیای شنگال و شاری شنگال و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای دیجلە و میحوەرەکانی باشیک و خازر و ناروان و گوێر و مەخمور و کەرکووک و سەعدیە و جەلەولا، هەروەها ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری موسڵ) هەموو ئەمانە گەواهی ئەو ڕاستییانە دەدەن کە لەسەروە باسمان کرد.

- بێگومان رزگارکردنی (کۆبانێ) لە ئۆکتۆبەری 2014 شاکارێکی دیکەی خەبات و بەرخودانی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانییە، کاتێک فەرمانی بە پێشمەرگە کرد جوڵە بکەن بەرەو شاری (کۆبانێ) و لە ئەنجامدا پێشمەرگەی کوردستان شاری (کۆبانێ)یان لە تیرۆرستانی (داعش) رزگارکرد و بەسەرکەوتوویی و سەرفرازی گەڕانەوە هەرێمی کوردستان.

- داستانەکانی پەردێ و سحێلا و مەحموودیە و ...هتد بە ڕابەرایەتیی جەنابی سەرۆک بارزانی داستانی چارەنووسساز و بەرگری و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بوون، لەکاتێک هەموو لایەک (لە هەرچوار لاوە) تەنانەت دۆستانیش پشتیان لە بوون و سەروەری هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام لە ئەنجامدا بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی هەرێمی کوردستان وەک چیای سەفین لە مەیداندا چەقی و پارێزگاری لە بوونی خۆی و خەڵکی کوردستان کرد.

شایانی باسە چالاکی و گیانی پێشمەرگایەتی ئەمڕۆش لە ناخی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە جۆشدایە و ئێستاش جەنابیان بەرۆحییەتی پێشمەرگانە و وەک سیاسەتمەدارێکی کاریزمادار و دیپلۆماتکارێکی شارەزا ڕووبەڕووی کێشە و قەیران و ئەو مەترسیانە دەبێتەوە کە ڕووبەڕووی خاک و خەڵکی کوردستان دەبنەوە. بۆیە لەو باوەڕەدام کە هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بە هەموو چین و توێژ و هەموو ئایین و ئاینزا و هەموو نەتەوەیەک لە هەرچوار پارچەی کوردستان هاوکار و پاڵپشتی جەنابی سەرۆک بارزانین لەپێناو بوون و بەرگری کردن لە قەوارەی هەرێمی کوردستان.

ئەمڕۆ کە هەندێک کەسی سیخوڕ و خاک فرۆش و خۆفرۆش بۆ بەدەستهێنانی پوڵ* و ئافەرێنێکی (ئاغا) کانیان، لێرە و لەوێ بانگەشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن، پێم باشە ئەوان ئاوڕێک بدەنەوە و هەڵوەستەیەک لەسەر خەبات و قوربانیدانە شۆڕش و کورد و تەواوی خەڵکی کوردستان بکەن و پاشگەز ببنەوە لەو تونێلە تاریکەی کەسەریان پێدا کردووە، هیچ نەبێ با خۆیان لە تف و نەعلەتی نەوەی دواڕۆژ کوردستان بپارێزن.

*** ریس = داوی (خوری)یە، کە بەتەشی دەرستێ.**
***پوڵ = پارە.**



گفتوگۆی ستراتیژیی نێوان عێراق و ئەمەریکا ..
ئاراستەکان بەرەو کوێن؟

ئا: هەندرین شێرزاد

بە پێچەوانەی لێکدانەوە و بۆچوونەکان کە پێیان وابوو گفتوگۆی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا و عیراق تەنیا تایبەتە بە سەپاندنی چەند داواکاریەکی حکومەتی عیراق و کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا وەک چۆن پێشتر پەرلەمانی عیراق و کوتلە شیعیەکان باسیان لێوە دەکرد، بەڵام ئەو گفتوگۆیانەی بە ئاراستەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و ناچارکردنی پاراستنیان لەلایەن عیراقەوە رۆیشتن ، ئەگەرچیش ئەمەریکا رایگەیاند کە بەنیازی کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازەکانیەتی.

کشانەوە یان کەمکردنەوەی هێزەکان

لەو گفتوگۆیەدا هەردووک لایەن جەختیان لەسەر بنەمای هاوبەشی ئەمنی نێوان هەردووک وڵات کردۆتەوە بە تایبەتیش سەبارەت بە زاڵبوون بەسەر هەڕەشەکانی داعش کە لە ساڵی 2014بەشێکی زۆری خاکی عیراقی داگیر کرد ، هاوکات ئەوان لەسەر ئەوەش رێککەوتن کە ئەمەریکا لە چەند مانگی داهاتوودا ژمارەی هێزە سەربازیەکانی لە عیراق کەم بکاتەوە و سەبارەت بەو هێزانەش کە دەمێننەوە گفتوگۆی زیاتر بکەن.

لە ماوەی رابردووەدا زۆر کەس و لایەن پێیان وابوو ئەمەریکا بەنیازە هەموو هێزە سەربازیەکانی لە عیراق دەکێشێتەوە، دواتر پێچەوانەی ئەم بڕچوونانە دەرکەوت بە تایبەتی پاش ئەوەی ئەمەریکا پێگە سەربازیە سەرەکیەکانی لە رێگەی دامەزراندنی سیستمی بەرگریی پاتریۆت تونددوتوڵتر کرد.

تەوەرەکانی گفتوگۆ

گفتوگۆی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا زیاتر 5تەوەری سەرەکی گرتەخۆی کە ئەمانە بوون : بنبڕکردنی تیرۆر ، ئابووری ، وزە ، بابەت و کێشە سیاسیەکان ، پەیوەندیە کلتوورییەکان . لەو بارەوە ئەمەریکا دانی بەوە دانا کە عیراق دوای تەنگژەکانی کورۆنا و دابەزینی نرخەکانی نەوت پێویستی بە چاکسازیی ئابووری بنەڕەتی هەیە ، لەو بارەوە ئەمەریکا ئامادەباشی خۆی رایگەیاند کە ژمارەیەک راوێژکاری بواری ئابووری روانەی عیراق بکات بۆ ئەوەی بەبنە یارمەتیدەر بۆ تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخە ناهەمواره ، لە لایەکی دیکە هەردووک حکومەت باسیان لە ژمارەیەک پرۆژەی سەرمایەگوزاریی کرد لە بواری وزە .

پشتگیریکردن لە کازمی

ئەوەی ئێستا لە نێوان حکومەتی عیراق و ئیدارەی ترامپ لە ئارادایە ، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەمەریکا پشتگیریی لە حکومەتەکی کازمی دەکات ، لەو بارەوە ئەمەریکا رایگەیاند کە ئامادەیە جگە لە ئاستەکانی ئەمنی و سیاسی ، پشتگیریی تەواو لە حکومەتەکەی کازمیش بکات، هەروەها واشنتۆن جەختی لەسەر گرنگی یارمەتیدانی بەغدا کردۆتەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆگرامی حکومی و چاکسازیی بە شێوەیەک کە لە خزمەتی گەلانی عیراق دابێ ، ئەمە جگە لە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و گەڕاندنەوەی پەنابەران. لە رووی ئەمنیشەوە ، ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە ئەمەریکا بەنیاز نیە پێگەی سەربازیی هەمیشەیی لە عیراق بونیاد بنێ.

رەهەندی کلتووری

لەو بارەوە ، ئەمەریکا بڕیاری داوە ئەو ئەرشیڤە سیاسیە گرنگە رادەستی عێراق بکاتەوە کە لە ساڵی 2003دەستی بەسەر داگرتووە ، وێڕای گێڕانەوەی هەموو ئەو پارچە ئاسەوارانەی بە شێوەی نایاسایی براونەتە دەرەوەی عیراق ، هەروەها ئەرشیفەکەی حزبی بەعس کە ئێستا لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە دەستی بەسەردا گیراوە.





ئەمین ئەلزاوی

لە سەردەمی تەکنۆلۆژیای ئالۆزدا نەفامی بالی بەسەر وشکایی تۆزە کۆمەلایەتیەکاندا کێشاوە و هەموو شتێک رووەو خوارەوە و هەڵدێرانە ، بەها مرۆییەکان بە خێرایی لە داکشان دان ، چەمکەکانی جوانی و هزر و روناکبیری و دۆستایەتی و خۆشەویستی و بوێری و زمان و تەنانەت ئاینیش پێشێل دەکرێن و بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەستدرێژیان دەکرێتە سەر.

ئەوەتا تەکنۆلۆژیای ئالۆز کە لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا شوێنی ئاینی گرتۆتەوە ، شەڕێکی پیرۆزی جیهادی یان خاچپەرستی لە دژی هەموان راگەیاندووە ، بە مرۆڤ و دار و بەرد و باڵندە و گیانداران ، بەڵکو هەڕەشە لە گۆی زەوی دەکات بە شێوەیەک کە توانای هەناسەدانی نەماوە.بەبێ بوونی پێغەمبەرێکی نوێ ، نوحێکی تازە کە توانای رزگارکردنی مرۆڤایەتی هەبێ لەو لافاوە گەورەیەی لێمان نزیک بۆتەوە ، بێگومان هەموومان ژێرئاو دەکەوین . جیهان خزاوەتە نێو ناوچەیەکی پیس و دەکرێ بە سەردەمی رەوشتی دڕندە و بازاڕی هەڵلوشینی هەموو شتێک ناوی ببەین ، هەڵلوشینی مرۆڤ و بەرد و هێماکان ، سەردەمی هەڵگیرسانی چەندین جەنگی بێندەنگ ، دوور لە بەکارهێنانی تۆپ و فڕۆکە و شیر ، لە دەوروبەرماندا هەموو شتێک مومکینە و روودەدات ، هەر ئەوەش هەموو شتێک ویران دەکات و لەناوی دەبات.

ئاینە تازەکە هەموو شتێکی تێکدا

لەسەر تۆزە کۆمەلایەتیە زۆرەکاندا دەتوانی ببیت بە شرۆڤەکاری ئابووری و قسە دەربارەی باری ئابووری وڵاتێک بکەی ،یان پێشبینی بازاڕەکانی نەوت و زێڕ و فۆسفات و نرخی عاجی ئەو فیلەش بکەی کە هێشتا لە باشووری ئەفریقیا لەدایک نەبووە. مرۆڤ ئەگەر هیچیش دەربارەی ئابووری نەزانێ ، بەڵام دەتوانێ قسە بکات و رای خۆی دەربڕێ و لەگەڵ گەورەترین شرۆڤەکارانیش بکەوێتە گفتوگۆ و چی دەخوازێ پێیان بڵێ ،سەیر لەوە دایە هیچ کەسێکیش ناتوانێ رێگەی لێ بگرێ لەوەی ئەو نەفامیە بوەستێنێ.

ئەو ئاینێکی تازەیە!

ئەگەر لە ژیانتدا شیعرێکت بە تەواوی نەخوێندبێتەوە ، بەڵام لە چارەگە کاتژمێرێکدا دەتوانی ببیت بە شاعیر و لە یاریگای گەورەکاندا بە هەزاران کەس پێشکەشی بکەی ، یان ئەگەر حەز بکەی دەتوانیت ئەوەی دەینووسیت ، بڵاوی بکەیتەوە و خۆشت بگەینیتە قەناعەت کە نووسینەکەت لە ئاستی بەرهەمەکانی مەحمود دەرویش و نزار قەبانی و رۆنی شار و شیلەر و گۆتەیە و ئەو نەفامیەشت بەسەر خەڵکدا بسەپێنی و کەسێکیش نیە رێگات لێ بگرێ . ئەوە دیموکراسییەتی نەفامی و گێلییە ، بەڵکو ئەوە ئاینە تازە ویرانکەرەکەیە.

لە سایەی ئاینە تازەکەدا لە سایەی کۆنترۆڵی ئاینە تازەکەدا کە تەکنۆلۆژیایە ، دەتوانی خۆت بگەینی بە ئاستی هەمنگوای و تۆلستۆی و نەجیب مەحفوز بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێ پێت بڵێ بۆ وادەکەی ، کەواتە پێوەرەکان تێکەڵ بە یەک بوون. هەر ئەم ئاینە تازەیە (تەکنۆلۆژیا) رێگات پێ دەدات لە ماوەی تەنیا 3رۆژدا خۆت بکەیت بە گەورەکانیشدا یاری بکەی. ئەگەر حەز بکەی دەتوانیت ئەوەی دەینووسیت ، بڵاوی بکەیتەوە و خۆشت بگەینیتە قەناعەت کە نووسینەکەت لە ئاستی بەرهەمەکانی مەحمود دەرویش و نزار قەبانی و رۆنی شار و شیلەر و گۆتەیە و ئەو نەفامیەشت بەسەر خەڵکدا بسەپێنی و کەسێکیش نیە رێگات لێ بگرێ . ئەوە دیموکراسییەتی نەفامی و گێلییە ، بەڵکو ئەوە ئاینە تازە ویرانکەرەکەیە.



مانشێت



سالی 1811:
ڤەنزویلا سەربەخۆیی لە ئسپانیا راگەیاند و لەسەر ئاستی ئەمەریکای باشوور ببێتە خاوەنی سەربەخۆیی.



سالی 1940:
شانشینی یەکگرتوو پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی ئەوکاتەی فەرەنسا پچڕی.



سالی 1945:
لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا فلیپین لە چنگی ژاپۆنیەکان رزگار کرا.



سالی 1971:
لە ئەمەریکا یاسایەک دەرکرا و بەهۆیەوە مافی دەنگدان لە تەمەنی 21 ساڵیەوە کرا بە 18ساڵ.



سالی 2009:
لە رۆژئاوای چین تونددوتیژیی لەنێوان ویگۆرەکان و چینیەکانی هان رووید.



سالی 2015:
لە راپرسیەکدا یۆنانیەکان بە ڕێژەی 61%لە دژی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی رزگارکردنی وڵات لە قەرز دەنگیان دا.

ئایا ئەم بەردە نەیزەکە لە(مەریخ)ەوە هاتووە؟



کاتژمێر 9ی یەیانی 1911.6.28هێلێکی یەگجار گەش و بریقەدارو خێرا لە ئاسمانی پارێزگای (البحیرە) لە (میسر) دا بینراو جووتیارانی ناوچەکە گوێبیستی دەنگی تەقینەوەی بەهێز بوون لە ناوچەیەکی دووری شوێنەکەیان، پاشان شایەت حاڵێکی زۆر باسیان لەو ڕووداوە کردو نزیکەی 40 بەردی نەیزەکیان بینی لە ئاسمانی ناوچەکەدا دەکەوتنە خوارەوە و دوای کۆکردنەوەی زۆربەیان کێشیان گەیشتە 10 کیلۆگرام و تەنانەت یەکێ لەو بەردانە خۆی بە سەگێگ دادابوو و دەستبەجێ کوشتبووی.

ئەمە بووە یەکەم تۆماری فەرمیی کەوتنە خوارەوەی بەردی نەیزەکیی لە (میسر)، پاشان ئەو بەردانە ناونران (نەیزەکی دارخورما) و بووە یەکێک لەو حاڵەتانەی کە لەسەر ئاستی جیهانیی سەرنجی پسپۆڕانی فەلەکناسی و جیۆلۆجی بۆخۆی ڕاکێشا.

شیکردنەوەی تیشکیی دەریخست کەوا تەمەنی ئەو بەردە نزیکەی 1ملیارو 300ملیۆن ساڵ دەبێ، واتە تەمەنی لە سیستەمی خۆر بچووکترە کە بە گشتی لە سنووری 4ملیارو 500 ملیۆن ساڵ دەبێ.

ئاشکرایە کەوا بەردە نەیزەکییەکان بریتین لە خاڵی کۆبوونەوەی دوو زانستی یەکجار زۆر گرنگ و ستراتیژی و سەرنجڕاکێشی ئەو سەردەمەو، کەو (فەلەکناسی و زەویناسی) یەیەو لە خاڵی یەگجار یەگجار زۆردا تەواوکاری یەکترین و بەیەکەوە شیکردنەوەی ڕوون و ڕاستی گەورە ئاشکرا دەکەن، چ لە بارەی زەوی، یان هەسارەو پاشکۆیەکانی دیکە.

بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ماوەی ساڵێکدا نزیکەی 37000 تا 78000تەن لە تۆزوخۆڵی گەردوونی و بەردی نەیزەکی دەگەنە نێو بەرگە هەوای زەوی، بەڵام بارستە هەرە مەزنەکانیان بەهۆی کرداری لێکخشاندن لەگەڵ تەنۆچکەکانی بەرگە هەوای زەویدا دەسووتێن و بە دەگمەن هەندێکیان ڕزگار دەبن و بە بەردی نەیزەکی دەناسرێن.

مەزنانەوە بارستەی زۆر مەزنی بەردو تۆزوخۆڵ لەسەر ڕووی ئەو هەسارەو پاشکۆیانەدا بەرز دەبنەوە ئاسمان و لەچنگ هێزی کێشکردنی ئەو هەسارەو پاشکۆیانەشدا ڕزگار دەبن و بەرەو قوڵایی بۆشایی ئاسمان دەڕۆن و پاشان بەهۆی هێزی کێشکردنی هەسارەیەک یان پاشکۆیەکی دیکەوە ڕاپێچ دەکرێن بەبەر ڕوویان دەکەون، وە ئەو حاڵەتانەش بە دەگمەنی هەن کە ئێستا باسیان لێوە دەکەین.

(چۆن بەردی ئاسمانیی و زەمینی لێک جیا دەکرێنەوە)؟

بۆ ناسینەوەی بەردە نەیزەکییە ئاسمانییەکان و جیاکردنەوەیان لەگەڵ بەردەکانی زەوی، زەوینناسان ژ جیۆلۆجیەکان- هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چەندین تاقیکردنەوە لەسەر ئەو بەردانەی دەدۆزرێنەوەو شک و گومانیان دەکەونە سەر کە ڕەنگە ئاسمانیی بن.

بۆ نموونە، تاقیکردنەوە لەسەر چڕی و پێکهاتە کیمیاییەکەی، کە دەرکەوت ڕێژەی ئاسن و نیکل 4%جار ئەوەندە زیاترە لە بەردە زەمینییەکان ئەوا دەبێتە یەکەم خاڵی جیاکردنەوە لەگەڵ بەردەکانی زەوی.

پسپۆڕان تاقیکردنەوەیەکی دیکەش ئەنجام دەدەن بۆ ناسینەوەی بەردە ئاسمانییەکان، ئەویش بڕینی بەردەکەیەوە شوشتنییەتی بە پێکهاتەی ئەسید، ئەگەر هاتوو پێکهاتەی کریستاڵی ناسراو بە (شیوازەکانی فیدمان شتین) ی تیادا دەرکەوت، ئەوا ئەو بەردە نەیزەکییەو ئاسمانییە، چونکە کریستاڵەکانی (ئاسن ژ نیکل) هەرگیزاو هەرگیز لە زەویدا دروست نابێت.

دەگەڕێینەوە بۆ ڕووداوی (نەیزەکی دارخورما) کە دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی جیاکردنەوە، دەرکەوت بەردێکی نەیزەکییە، ئەو گومانی تێدا نەما، بەڵام تەماحی زانایان زیاتر بوو لەوەندە، چونکە شکڵ و شێوازی ئەو بەردە نەیزەکە جیاوازییەکی نامۆی هەبوو لەگەڵ ئەو سەدان بەردانەی کە لە جیهاندا دۆزراونەتەوە، بۆیە جۆرێکی دیکە لە شیکردنەوە دەستیپێکرد تا بزانن، ئایا سەرچاوەی ئەو بەردە لە مانگ یان مەریخ بووە؟

یەکەمین خاڵی ناسراوی نەیزەکی (دارخورما) ئەوەیە کە لە جۆری بەردی (ئاگرینی) یە، واتە لە دەرەنجامی چالاکییەکی گرکانییەوە دروستبووە، بۆیە یەکەمجار زانایان بۆچوونیان ئەوەبوو کەوا سەرچاوەکەی (مانگ) ە، واتە لە مانگەوە هاتووە، بەڵام کاتێک گەڕانەوە بۆ مێژووی چالاکیی گرکانی لەسەر مانگدا دەرکەوت کەوا دوایین چالاکیی گرکانی لەسەر مانگ 3ملیار ساڵ پێش ئێستا بووەو دوای ئەوە بە تەواوەتی وەستاوە، کەواتە، مانگ سەرچاوەی هاتنی ئەو بەردە نییە.

بۆ دڵنیابوونی زیاتر، پسپۆڕان بەرواردێکیان کرد لەنێوان ئەو بەردە نەیزەکەو نموونەیەک لەو بەردانەی سەر ڕووی مانگ کەوا کەشتیوانانی (ئەپۆڵۆ) لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویانەوە، بەڵام دەرەنجامی شیکردنەوەکان هەمان وەڵامی هەبوو، (نەیزەکی دارخورما) سەرچاوەکەی مانگ نییە.

پاشان چاو خرایە سەر هەسارەی زوهرە، چونکە تاوەکو ئێستاش لە ڕووی گرکانییەوە چالاکە، بۆیە ئەگەرێک دانرا کەوا بەردەکە لەوێوە هاتبێت، کەچی ئەمجارەیان لەبەر بوونی هێزی کێشکردن و بەرگە هەوایەکی ئەستووری تۆکمە، پسپۆڕان زۆر بە دووریان زانی کەوا لەو هەسارەیەوە ڕزگار بووبێت.

دوای هەسارەی زوهرە، (هەسارەی مەریخ) بووە بەهێزترین کاندید کە ببێتە سەرچاوەی ئەو بەردە نەیزەکییە گرکانییە، چونکە هێزی کێشکردنی مەریخ بە بەراورد لەگەڵ زوهرە یەگجار زۆر لاوازترە و ئەگەری فڕەدانی ئەو بەردە بۆ بۆشایی ئاسمان لەدەرەنجامی تەقینەوەی گرکانی مەریخی ئەگەرێکی زۆر نزیکە لە ڕاستی و واقیعدا.

زانراوە کەوا ئێستا لەسەر ڕووی مەریخ دا چەند گرکانێکی زۆر گەورەو مەزنی خامۆشی تیادایە، لەسەرووی هەموشیانەوە گرکانی (ئۆلێمپس مۆنس) واتە (ئەژدیهای ئۆلێمپس) کە تاوەکو ئێستا هیچ گرکانێکی ئاوا مەزن لەنێو سیستەمی خۆردا نەدۆزراوەتەوە، بەڵام لەو کاتەی بەردە نەیزەکی (دارخورما) ی تیایدا دروستبووە، ئەو گرکانە زۆر چالاک بووە، بۆیە، دەکرێ لە ڕێگەی تەقینەوە مەزنەکانی ئەو گرکانە پێش سەدان ملیۆن ساڵ و لەگەڵ بوونی هێزێکی کێشکردنی لاوازی ئەو هەسارەیە، بارستەی یەگجار زۆری بەرد بەرزبووبنە چینە هەرە بەرزەکانی بەرگە هەوای ئەوکاتی مەریخ و تا گەیشتن بە ئاستی ڕزگار بوون لە هێزی کێشکردن و سەربەست بوون لەنێو بۆشایی ئاسمانی نێو سیستەمی خۆرو پاشان بەهۆی هێزی کێشکردنی زەوییەوە ڕاپێچ کرابێتەوە.



ویستگەی ئاسمانیی نێودەوڵەتیی لە زەوی دوورتر دەخرێتەوە

پسپۆڕانی دەزگای بۆشاییگەڕیی ڕووسیی (ڕووس کۆزمۆس) ڕایانگەیاند، لە مانگی ئێستای تەموموزدا دەستکاری خولگەی (ویستگەی ئاسمانیی نێودەوڵەتیی) دەکەن و ئەو دەستکاریکردنەش لە 2020.7.10 دەست پێدەکات و بە مەودای 500مەتر لە زەوی دوورتر دەخرێتەوە، بەمەش دوای ڕێکخستنەوەکە، مەودای نێوان زەوی و ویستگەکە دەگاتە سنووری 418.5 کیلۆمەتر. هۆکاری ئەو دوورخستنەوەیە بۆ ئامادەکردنی ویستگەکەیە بۆ پێشوازیکردن لە کەشتی ئاسمانیی Progress MS-15ی ڕووسیی کە بڕیار وایە لە 23ئەم مانگەدا لە ڕێگەی مووشەکی Soyuz 2.1a لە (بنکەی ئاسمانیی بایکۆنۆر) لە (کازاخستان) دا هەڵبدرێت بۆ گەیاندنی پێداویستییەکانی (سووتەمەنی و ئاوو چەند ئامێرێکی زانستی) بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی لەنێو ئەو ویستگەیە.

بۆ زانیاریتان، ویستگەی ئاسمانیی نێودەوڵەتیی (ئەلفا)، سەکۆیەکی ئاسمانیی یەگجار زۆر گرنگی تاقیکردنەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەو ڕوانگەکردنی زەمینی و فەلەکییە و 15 وڵات و 5دەزگای بۆشاییگەڕی جیهانیی تیایدا بەشدارن و تێچوونی تا ئێستا گەیشتۆتە 150ملیار دۆلار.

ویستگەی ئەلفا لەبەرزایی 408کیلۆمەتر بەدەوری زەویدا دەخولێتەوەو خێراییەکەی دەگاتە 7.66 کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا، لەچەندین پارچەی پێکەو لکاو پێکهاتووە و دریژییەکەی 73 مەترەو پانییەکەی 109 مەترەو کێشیشی 419تەن و 700کیلۆگرامە.




لە 20 ساڵی داهاتوودا سوود لە کانزاکانی بۆشاییگەڕیی وەردەگیرێت

(یفگینا یفریۆڤا) ی لێکۆڵەر لە (بەشی سیستەمی خۆر) ی سەر بە (پەیمانگەی زانستی فەلەکناسی) دەڵێ: "ئەگەرچی دەرهێنانی کانزاو توخمەکان و سوود وەرگرتن لێیان لەم سەردەمەی ئێستادا زۆر گران دەوەستێ، بەڵام لە بیست ساڵی داهاتوودا ئەم کارە سوودی ئابووری خۆی دەبێت و قازانجێکی زۆریش دەبەخشێتەوە".

ئەم لێکۆڵەرە زیاتر دەڵێ: "بەو تێکنۆلۆژیایەی ئێستا لەبەر دەستە، ناتوانین سوود لە دەرهێنانی کانزاکان بکەین لەسەر مانگ یان هەسارەیەکی وەک مەریخ، چونکە تێچوونی دەرهێنانی یەگجار زۆر زیاترە لە فرۆشتن یان سوود وەرگرتن لێیانەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو لەماوەی داهاتوودا تێچوونی هەڵدانی مووشەکەکان و کەشتییە ئاسمانییەکان کەم بکرێتەوە، ئەوا ئەوکاتە دەرهێنانی کانزاکان لەدەرەوەی زەویدا سوودی ئابووری خۆی دەبێت".

گرنگترین ئەو توخمانەی لەداهاتوودا دەردەهێنرێن بریتین لە (ئاسن و زێرو پلاتین و سیلیکۆن و توخمە دەگمەنەکان).

ئاسەواری (گورزی خۆر) لەسەر ڕووی مانگیشدا هەیە!




لە وەرزی هاویندا، زۆرجار حاڵەتی ناسراو بە (لێدان یان گورزی خۆر) دەبیستین لەسەر ئەو کەسانەی بۆماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر تیشکی خۆردا دەمێننەوە، بەڵام ئێستا دەرکەوت کەوا (هاوەڵێکی دیکەی نا ئادەمیزدا) یش دووچاری هەمان حاڵەت بۆتەوە، ئەویش (مانگ) ە.

پسپۆڕانی پرۆژەی (ئارتیمیس) ی تایبەت بە گەڕانەوە بۆ سەر ڕووی مانگ ئاشکرایان کرد کەوا ڕووی مانگ بەردەوام کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی تونەدو بێ ڕەحمانەی تەنۆچکە بارگاوییەکانی خۆر کە ناسراو بە (بایەکانی خۆر) و لە دەرەنجامدا شێوەی وەک برین لەسەر ڕووی مانگدا جێدێڵێ، هۆکارەکەش لاوازیی لە ڕادەبەدەری کایەو بەرگی موگناتیسی مانگە.

(ئاندرۆ بۆب) ی زانای فەلەکناس لە (زانکۆی کالیفۆرنیا) لە (بێرکلی) دەڵێ: "کایە موگناتیسییەکانی هەسارەو پاشکۆیەکان وەک قەڵغانێکی پاراستن و دووڕخستنەوەی هەڕەشە تیشکییە زۆر مەترسیدارەکانی خۆر کاردەکەن، ئەو بەرگە موگناتیسیانە دەبنە هۆی خزان و لادانی ئەو تەنۆچکە بارگاوییە ویان بەخشانەی کە بەشێوەیەکی یەگجار زۆر مەزن بەردەوام لە خۆردا دەردەچن" بە پێی لێکۆڵینەوەکانی پسپۆڕانی ئاژانسی (ناسا)، ناوچە تاریکەکانی ڕووی مانگ ئەوانەن کە لە دەرەنجامی کارلێکی نێوان تەنۆچکە بارگاوییەکانی خۆرو پێکهاتەی (ریگۆلیس) کە بریتییە لە چینێک لە تۆزوخۆڵ و پاشماوەی بەرکەوتنە نەیزەکییە زۆر بەهێزەکان و تێکشکان و وردو خاشبوونی بەردەکانی ڕووی مانگ بەهۆی جیاوازیی گەورەی بەرزی و نزمیی پلەکانی گەرمای ڕووی مانگ لە ماوەی نێوان شەوو و ڕۆژدا.

میوزیک ڕۆحم دەژەنێ، شیعر هزرم، ڕاگەیاندنیش ئەرشیفی ڕۆشنبیریمە

شاعیر هەمیشە موسافیرێکی بەڕێ وێستگە و تەنیایە



سالار کۆشار: شیعر بۆ من ئارام بەخشە، خۆمی تێدا دەنووسمەوە، ئەو پەنجەرەیەیە لەوێدا هەناسە دەدەم

دیمانە: هێمن ئاری

بواری شیعر، میوزیک، ڕاگەیاندن، ئەو سێ بواره بوون به دنیایەکی جوان بۆ سالار کۆشار بۆئەوەی بتوانێت لەم نێوەندەدا پەرە بەحەز و خولیاکانی بدات و، لەڕێگەی ئەم بوارانەی هەڵبژاردووە هەناسەیەک لەنێو جەنجاڵییەکانی ژیانی ئەمڕۆ لەبەر ڕۆحیدا بێتەوە ..

ئەو دەڵێت: میوزیک ڕۆحم دەژەنێ، شیعریش هزر، بواری ڕاگەیاندنیش بەئەرشیفی ڕۆشنبیری خۆی دەزانێت. دەشڵێت: بۆیە ڕاگەیاندنم لەپاڵ میوزیک و شیعر هەڵبژارد بۆئەوەی بتوانم لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە خزمەتی زیاتر بە هونەر و هونەرمەدانی کورد بکەم ئەوەش بۆمن جێگەی شانازییە.

سالار کۆشار، لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا تیشک دەخاتە سەر هەریەک لەم بوارانەو دواین بڵاوکراوەی شیعری کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بەناوی ڕازی حەرفەکان بڵاویکردەوە.

خەبات: وەک شاعیرێک، دنیای شیعر چ پانتاییەکی لەژیانی تۆ داگیرکردووە؟

ـ شیعر دیووی ناوەوەی خوێندنەوەکانە، شیعر بۆمن وەکو پەنجەرەیەکە تەواو خۆمی تێدادەبینم.

خەبات: تاچەند توانیووتە ئەو ئازارەی لەناختدایە تەرجەمەی وشەی بکەیت؟

ـ ئازارەکان زۆرن، زۆر جار هیچ شتێک بەئازارەکان ناوێرێ! بەڵام شیعر وەکو ئارام بەخشێک بووە بۆمن، کەشیعرێک من دەخوێنێتەوە ... لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار شیعرەکان نەیانتوانیووە وێنای ناوەوەی من بکەن .

خەبات: شیعر سەفەرێکە لەنێوان سروشت و ئینساندا،ئەی ئەگەر سەفەری شیعر بەو شێوەیە بێت، ئاخۆ سەفەری شاعیر چۆن چۆنییە؟

ـ شعیر وێنەیە و ئەم وێنەیەش شاعیر لەنێوان واقع وخەیاڵ وێنای پێدەکا بەو دنیا جوانەی خۆی دەیەوێ ... شاعیر هەمیشە لەسەفرە ،،هەمیشە موسافیرێکی بێ وێستگەیە و هەمیشە تەنهایە... بۆیە سەفەرەکانی شاعیر دوورودرێژە و خوێندنەوەی وێناکان ئەو زوو زوو لەگەڵ خۆیدا دەبا.

خەبات: تاچەند لەگەڵ ئەوەی کە دەگوترێ شیعر تەرجەمە کردنی ئازارە بۆ وشە؟

ـ شیعر هەمو کاتێک وێنای خۆی هەبووە بۆهەموشتەکان .. بەتەنها لەپۆتەیەک قەتیس نابێ شیعر ... شیعر

،،ئازار،،عەشق،،خۆشەویستی،،سروشت ،،دنیابینی،، بۆ هەمووی وێنای خۆی هەیە شیعر .

خەبات: شتێ هەیە بەناوی شاعیری پیر یان شاعیری گەنج، یان شیعر هەر شیعرە و هیچ جیاوازییەکی نییە؟

ـ شتێک نیە بەناوی شاعیری گەنج و پیر ... لەبەرئەوەی شیعر قەت پیرنابێ ..

خەبات: تاچەند شیعر بەچارەسەر دەزانی بۆ کێشەکانی نێو کۆمەڵگە؟

ـ لەکۆمەڵگایەک بۆکۆمەڵگایەکی تر جیاوازە ... ئێمە خوێنەری شیعرمان نییە .. ئێمە تائێستاش خوێنەرەکانمان نوخبەن و نەبۆتە کلتور.. کەوابێ تۆخوێنەرت نەبێ و ڕۆشنبیری هەرلەچاودابێ نەک هزر، چۆن دەبێتە چارەسەر... لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆمەڵگای تر هەبووە شیعر بۆ هەمو شتەکان چارەسەری هەبووە .

خەبات: بەهۆی ئەم قەیران و بارودۆخە ناهەمواریەی ئێستا هەیە، پێتوایە شیعر خوێنەری خۆی مابێت،یان بەهۆی ئەم دۆخەوە شیعر و بوارەکانی دیکەی ئەدەبیش دووچاری قەیران بۆتەوە ؟

ـ بەداخەوە بۆ ئەم دۆخە کەزۆربەی بوارەکانی پەکخستووە، یان هەندێک بوار هەر وەستاوە...

لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بوەستێ ، چونکە موزیک و شیعر و ئەدەب زیندوێتی گەلانە ... ئێمە هەر بۆخۆمان خوێنەرمان نوخبەبوو، بەو دۆخەش هێندەی دیکە گران بووە.

خەبات: جگە لەبواری شیعر لەبواری ڕاگەیاندن و میوزیکیش جێ دەستتان دیارە، چۆن توانیووتە هاوسەنگی ڕابگرێت؟ کورد گوتەنی سێ کاڵەک بەدەستێک هەڵناگیرێت؟

ـ بەڵێ من لەم بوارەنەش کاردەکەم، بواری موزیک هەر لەمندااڵییەوە لەگەڵمدایە، بواری ڕاگەیاندیش دەمێکە کاری تێدادەکەم،من تائێستا هیچ یەکێ لەکاڵەکە کانم بەرنەداوەتەوەو هەوڵیش دەدەم بەریان نەدەمەوە،

من لەبواری میوزیک لەدیان فیستڤاڵ و بۆنەو ئاهەنگەکان و دەیان ئاواز و دابەشکردنی میوزیکم هەیە، بەڵام ڕاگەیاندن زەروورەتێک بوو تا وەکو هونەرمەندێکی ڕۆژنامەنوس بتوانم زیاتر خزمەتی هونەرمەند و هونەری کوردی پێبکەم ئەوەجێگای شانازییە بۆمن ... بۆ شیعریش من دیووی ناوەوەی خۆم دەنوسمەوە،شیعر پەنجەرەیەکە زۆرباش لەوێ هەناسەدەدەم .

خەبات: لەنێو ئەم سێ بواره حەز و ویستت بۆ کامیان زیاترە، کامیان بەپێشینە هەڵدەبژێری؟

ـ هەر یەکێ لەبواڕەکان دنیایەکی جوانی منە .. میوزیک ڕۆحم دەژەنێ ..شیعر هزرم ..ڕاگەیاندن ئەرشیفی ڕۆشنبیریمە ... ناتوانم دەستبەردارى هیچیان بم ..بەڵام میوزیک لەپێش ئەوانی دیکە دادەنێم.

خەبات: لەئێستادا دیوانە شیعرێکت بەچاپگەیاندوو،دەکرێ باسێکی ئەم بەرهەمەمان بۆ بکەیت؟

ـ بەڵێ لەم ڕۆژانەە لەچاپخانە دەرچوو ... بەتەواوی لە٢٠٢٠/٦/٢٤ لەچاپخانە هێنامەوە. ئەم کۆشیعرییەم بەناوی (ڕازی حەرفەکان)ە، پێکهاتووە لە(١٩٢) لاپەڕە

لە چاپخانەی شەهاب چاپکراوە زیاتر لە(٥٨)شیعر لەخۆدەگرێت، برای بەڕێزم کاک سۆران تاودەر دیزاینی ناوەڕۆکی بۆ کردووە.کاک قەهار شێخانی شاعیریش هەڵەچنی بۆکردووە. دیزاینی بەرگیش کاک حامید سەقزی کاری بۆ کردووە. هەڵبژاردنی مونتیقەکان بەبااڵی شیعرەکان ، کاک نەریمان بەختەوەر کردویەتی، بەهیوام بتوانین لەکۆڕەکاندا پێشکەشی خوێنەرانی بکەین .

خەبات: چ ناوێکت بۆ هەڵبژاردووە؟

ـ ڕازی حەرفەکان.

خەبات: دەتوانێ لە هەڵبژاردنی ئەم ناوە چ پەیامێک ، چ ڕازێک بەخوێنەر و شیعر دۆستان بگەیەنیت؟

ـ دەمەوێ بەهەموو دنیا بڵێم یەک دنیا ڕاز لەناو ژیان و شیعر و ئەدەبیاتی ئێمەداهەیە. هەرحەرێفێک ڕازێکە ...لەناو ئەم دیوانەشیعریەش شیعرێک هەیە بەناوی ڕازی حەرفەکان ، بۆیە بەناوی ئەم شیعرەمکرد . وەناوەکەش مۆسیقای تێدایە بۆیە دامنا.

خەبات: لەئێستادا شاعیران کەمتر بەرهەمە کانیان لەچاپ دەگەیەنن بەو مانایەی شیعر خوێنەری نەماوە و زیاتر لەڕێگەی سایت و پێگە ئەلەکترۆنییەکان بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە،بۆ چوونی تۆ چیپە بۆ ئەوە؟

ـ بەڵێ ڕاستە ئێستا خوێنەرەکانمان چوونەتە ناو فەیسبوک و ئینیستاگرام و ئەو سایتانە، ئێستا چاپکراو کەم بۆتەوە هەمووی بۆتە ئەلیکترۆنی، شیعر خوێنەری ماوە، بەڵام لە سەر کاغەز کەم بۆتەوە، چونکە ئێستا هەریەکێک لەئێمە بۆخۆی خاوەنی سەتەلایتێکی تایلەت بەخۆی هەیە بەناوی فەیسبوک لەماڵەکەی خۆت چیت هەیە ئەتوانی پەخشی بکەی. ئیتر ئەوە لەسەرخۆت وەستاوە چی دەکەی چۆن بەکاری دێنی. بۆیە ئێستا ئەم پەنجەرەیە زۆرباشە بۆشاعیران خوێنەر بۆشیعرەکانیان پەیداکەن و شیعرەکانیان تێدا بڵاو دەکەنەوە.

خەبات:چی وایکرد لەئێستادا ئەم بەرهەمە بڵاوبکەنەوە لەکاتێکدا خەڵک دووچاری چەند قەیرانێک بۆتەوە؟

ـ ئەوەی ڕاستیبێ ئەم کتێبە دەبوایە لەساڵی ڕابردو بەچاپ گەیشتبا، واتا لەکۆتایی ٢٠١٩ ئێمە بەتەمای بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەبووین .. تاگەیشتە ئەم دۆخە کەرنتینەو کۆمەڵێک شتی دیکە هاتەپێش ...ئەم کتێبە سێ مانگ لەکەرنتینەدابووە بۆیە ئێمە چاوڕوانی شتێکی وانەبووین بەڕاستی لەدۆخێکی ئاوا کتێب بڵاو بکەینەوە.بەڵام تازەنەشان دەتوانی وازی لێ بێنین ...بەشێوەیەکی دیکەش ئەم کتێبە شێوەمێژوویێکی بەخۆوەدیت.کۆشیعری سەردەمی کۆڕۆنەیە .

خەبات: کێ لەبەچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمە هاوکارت بووە؟

ـ بەڕاستی دەمەوێ سوپاسی مهندس ئەدیب بکەم پشتگیری کردم بۆ بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبە.هەروەها کاک سۆران تاودەر زۆر کارئاسانی کرد بۆ بەچاپ گەیاندنی، ئەوەی تریش کەهاوکارم بووە،شاعیری خۆشەویست قەهارشێخانی و مامۆستا نەریمان بەختەوەر بوون.

سوود و بەرهەمەکانی داری قەزوان لە کلتوری کوردەواریدا



ئا : موسلیم دۆڵەمەڕی

زۆرن ئەو دارە خۆڕسکانەی لە شاخەکانی کوردستان کەلە کۆن وێستاشدا سەرچاوەیەکی باشی دارایی و بژێوی ژیان بووە بۆ زۆرکەس بە تایبەتی بۆ گوندنشینەکان . جگە لەسەرچاوەی دارایی بەڵکو لە ڕووی تەندروستیشەوە هەمیشە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لەکۆن و ئێستاشدا دانیشتوانی گوندەکان کەمتر باری تەندروستییان خراپ بێت وپێویستیان بە پزیشکان بێت , بەڵام بەداخەوە ئێستا وردە وردە کەلتوری کۆنمان وندەبێت ئەو سوودانەی کەلە زۆرێك داری خۆڕسکەوە وەردەگیرا ئەوانیش بەڕەو نەمان دەچێت نمونەی ئەم جارە باس لە سوودەکانی داری قەزوان دەکەین لەنێو زانستی کۆنی کەلتوری خۆماندا . دار قەزوان یەکێکە لەو دارە خۆڕسکانەی کە لە زۆربەی ناوچە شاخاویەکانی کوردستان بەشێوەیەکی خۆڕسك دەڕوێت وپێویستی بە خزمەتی مرۆڤەکان نییە , جگە لەوەی کە هەموومان ئاشنابن بە قەزوان و وەکو چەرەزات بەکاری دەهێنین بۆ خواردن لە کۆندا بۆ چەندین شتی تر بەکارهاتوە واتە جگە لە خواردنی قەزوان بە شێوەی چەرەزات چەندین سوودی تری لێوەرگیراوە ،چ وەکو خۆراك یان دەرمان و شتی تر لێرەدا باس لە چەند سوودێکی دەکەین:

1ـ بەکارهێنانی قەزوان وەکو گوشمە بۆخواردنی تێشتی بەیانیان , گوشمە واتە قەزوانی کوترا و , لە کۆندا دوای ئەوەی قەزوانێکی باش کۆدەکرایەوە ئینجا قەزوانەکان بە ئامێرێکی دەستکرد کە لە بەرد دروستدەکرا بەناوی دەستار قەزوانەکان زۆر ورد دەهارِدرا تا شێوەیەکی هەویری وەردەگرت پێیان دەگوت: گوشمە کەئەم گوشمەیە جگە لە خۆشی بۆخواردن سوودێکی باشیشی هەبووە بۆ نەخۆشیەکانی مەعیدە.

2ـ ڕۆنی قەزوان , لەکۆندا بەهۆی کەمی ڕۆن و زۆرجار قەزوان بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆن بەکار هاتووە ئەویش بە شێوەی هارِینی قەزوانەکان و بە دەستار تا ڕۆنێکی باشی لێدروستدەبوو

3ـ بەکار هێنانی قەزوان بۆ بەرهەمی سابون , لەکۆندا قەزوان بۆ بەرهەمهێنانی سابون بەکار هاتوە ئەویش بەشێوەی کوتان و دوای کوڵاندنی قەزوان تا دەکرا بە سابون , کە سابونی قەزوانیش لە کۆن و ئێستاشدا سوودێکی زۆرباشی تەندروستیشی هەبووە بۆ مرۆڤ

4ـ بەکارهێنانی قەزوان وەك ئیکسوارات بۆ پیاوان وئافرەتان , ئەویش وەك بەکارهێنانی تەزبیح بۆ پیاوان و بەکارهێنانی وەك خەناوکەو شتی تر بۆ ئافرەتان کە ئێستاش لە زۆر لە بازاڕە میللیەکاندا دەستدەکەوێت.

5ـ بەکار هێنانی گەڵای دار قەزوان وەك دەرمانی دژە مار, لەکۆندا گەڵای داری قەزوان دوای کوتانی و تێکەڵکردنی لەگەڵ ئاوەدۆ بەکارهاتوە بۆ سەربرینی ئەو کەسانەی کە دووچاری مار پێوەدان دەبوون بەمەش سوودێکی زۆری هەبووە بۆیان.

6ـ بەرهەمهێنانی بنێشت لەدارەبەن کە بە (بنێشتی کوردی) بە ناوبانگە , ئەویش بە بریندار کردنی دارەبەن و بەکارهێنانی قوڕ وەکو بادی بچووك لە ژێر شوێنە بریندار کراوەکەدا بۆ ماوەیەك دواتر ئەم بنێشتە بە شێوەی کوڵان و چەند ڕێکارێکی تر دەکرێت بە (بنێشتی کوردی) کە ئێستاش لە بازاڕدا بوونی هەیەو نرخیشی گرانە چونکە ئەویش جگە لە خواردنی وەك بنێشت بۆ چەندین دەرمانی تریش بەکار دەهێنرێت .

باتمان.. هەنگەوانێکی گەنج هەنگوینی ڕەسەن بەرهەم دەهێنێت

یوسف ئەسڵانڵی تەمەن 22 ساڵ لە قەزای کۆزڵوك سەربە پارێزگای باتمان لە شوێنێك هەنگوینی ڕەسەن بەرهەم دەهێنێت کە دوو هەزار و 900 مەتر لە ئاستی دەریایەوە بەرزە.

بەهۆی پشتیوانی قایمقامییەت و فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆزڵوك، لەم ماوەیەی دواییدا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەست کراوە بە بەرهەمهێنانی هەنگوینی ڕەسەن لە قەدپاڵی چیاکان و کوێستانەکانی ناوچەکە کە بە فرەیی گژوگیایی ناوچەیی دەوڵەمەندە.

بەهۆی بارانبارینی زۆری ئەمساڵ، چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمی هەنگوین لە دەڤەرەکە زۆر بێت.

یوسف ئەسڵانڵی کە دەرچووی پەیمانگای پیشەیی کاری تەندروستیی و متمانەپێکراوی زانکۆی کرکلارەلی-یە یەکێکە لەو هەنگەوانانە گوتی: «دوای تەواوکردنی خوێندن بە هاندانی مامۆستاکانم و هاوکاری کەسوکارم، ڕاوێژکردن و زانیاری وەرگرتن لە ئەندازیارانی کشتوکاڵی دەستم کرد بە هەنگەوانی». یوسف ئەسڵانڵی بە تیشك خستنە سەر ئەوەی کە لە شوێنێك هەنگەوانی دەکات کە دوو هەزار و 900 مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە و گوتی: «نزیکەی 40 کیلۆمەتر لە شارۆچکەی کۆزڵوك-ەوە دوورە.

ڕێگاکە لەلایەن قایمقامییەتەوە دروست کراوە. ناوچەکە بە فرەیی گژوگیا دەوڵەمەندە. خوا یار بێت بەرهەمی ئەمساڵمان باش دەبێت. هەنگوینێکی نایاب لێرە بەرهەم دەهێنین. ئامانجمان ئەوەیە هەنگوینەکە لە ناوخۆ دەرەوە بناسرێت». ناوبراو سەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشا کە بەهۆی پشتیوانیکردنی هەنگەوانان، تا دێت پیشەی هەنگەوانی لەو دەڤەرە بەرەو پێشتر دەچێت.



مێسی ئامادە نییە بۆندەکەی تازە بکاتەوە

زێدان: ئارەزوو دەکەین مێسی لە خولی ئیسپانیا بمێنێتەوە



جیابونەوەی لیۆنێل میسی گۆڵکاری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا بووە بابەتی گەرمی سەرجەم میدیاکانی جیهانی و دوای یاریی یانەکەشی بەرامبەر خیتافی زێنەدین زیدان راهێنەری ریال مەدرید بێ ئاگایی خۆی لەم بابەتە راگەیاند.

زیدان لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی دوای یارییەکە کاتێک پرسیاری دەنگۆی جیابوونەوەی میسی لێکرا گوتی: ئاگاداری هیچ شتێك نیم، ئەو تاوەکو ئێستا لەگەڵ یانەکەی بەردەوامە و ئێمەش هەمیشە ئارەزوو دەکەین بەرامبەر باشترینەکان یاریی بکەین، ئەوەی کە رووبداوە و دەگوترێت هیچ زانیارییەکم لەسەری نییە .

رادیۆی کاتێنا سێری ئیسپانی بڵاویکردەوە لیۆنێل میسی لەم بارودۆخەی یانەکەی بێزار بووە و بریاریداوە کە گفتوگۆکان لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی بوەستێنێت و دەیەوێت هاوینی ٢٠٢١ یانەکەی جێبێڵێت.

بەیڵ هۆکاری یەدەگبوونی ئاشکرا دەکات



رۆژنامە ئیسپانییەکان هۆکاری یارینەکردنی گاریس بەیڵ لە دووپاری رابردووی یانەکەی ئاشکرا دەکەن.

گاریس بەیڵ لە دووپاری رابردووی یانەکەی بەرامبەر هەریەك لە یانەکانی خیتافی و ئیسپانیۆڵ لە سەرکورسی یەدەگ مایەوە و زێدان بەشداری ئەو دووپارییەی پێنەکرد. لە لێدوانێکی بۆ کەناڵی (شیرنچیتۆ) بەیڵ رایگەیاندووە:" بە زێدانم گووت لە رووی جەستەییەوە ئامادەنیم و ناتوانم یاری بکەم."، هەربۆیە زێدان لەو دووپاریە پشتی بەو یاریزانە نەبەستووە و پشووی پێداوە.

لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن ماوەیەکە نێوانی بەیڵ و زیدانی راهێنەری یانەی ریاڵ مەدرید باشنیە و چەند هەفتەیەکە هیچ گفتوگۆ و وتوویژێك لە نێوانیان رووی نەداوە و بەتەواوی پەیوەندیان پچڕاوە.

دوای تووشبوونیان بەکۆرۆنا

دیۆکۆڤیچ و خیزانەکەی چاکبوونەوە

نوسینگەی راگەیاندنی نۆڤاك کۆڤیچی ئەستێرەی تینیسی سربی و لیلینای هاوسەری چاکبوونەتەوە کە پێشتر هەردووکیان هەڵگری ڤایرۆسی کۆڤید١٩ بوون.

نوسینگەکە ئەوەی راگەیاند کە دواترین پشکنین بۆ هەردووکیان کراوە و دەرکەوتووە کە ڤایرۆسەکە لەجەستەیان نماوە و هیچ ئاماژەیەکی ئەم ڤایرۆسەش پێوەیان دیارنەماوە، بەمەش هەردووکیان ئێستا تەندروستیان زۆر باشە.

جێی باسە لە ٢٣ی مانگی رابردوو دوای گەشتیکیان بۆ ناوچەی بلقان و کرواتیا، دیۆکۆڤیچ و لیلینا باری تەندروستیان تیکچوو، دوای پشکنینی پزیشکی دەرکەوت کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان، بۆیە خرانە ژێرچاودێری پزیشکییەوە، بەڵام ئێستا هەردووکیان چاکبوونەتەوە و تەندروستیان لەوپەری باشیدایە.

دیبالا پشووەکەی لەگەڵ دۆستەکەی بەسەر برد



پاولۆ دیبالای ئەستێرەی ئەرژەنتینی ماوەی پشووی لەگەڵ خۆشەویستەکەی لە سەر کەنارەکان بەسەردەبات.

دیبالا لە ئەکاونتی تایبەت بەخۆی لە ئینستاگرام، وێنەیەکی خۆی لەگەڵ ئۆریانا ساباتینی دۆستەکەی بڵاوکردۆتەوە، کە بەیەکەوە پشووەکەیان لە کەنارەکانی کۆمۆ لە ئیتاڵیا بەسەردەبەن، دیبالا لەگەڵ پۆستکردنی وێنەکەیدا نووسیویەتی : خۆشم دەوێی ساباتینی.

گریزمان پاڵەوانی گۆڕینەوەی نێوان بارسا و یۆڤێ

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان لە ئیتاڵیا ئاماژە بە گۆڕینەوەی گریزمان بە دوو یاریزانی یۆڤانتۆس لە هاوینی داهاتوو دەکەن.

دوای بەسەربردنی تەنها یەك وەرز لەگەڵ بەرشلۆنە، ئەنتوان گریزمانی فەرەنسی دەیەوێت یانەی بەرشلۆنە جێبهێڵێت، یانە کەتەلۆنیەکە دەیەوێت سوود لە گۆڕینەوەی کریزمان بە یاریزانان دۆگڵاس کۆستا و ئەنتۆنیۆ رابیۆی یاریزانانی یۆڤانتۆس ببینێ و لەگەڵ ئەو یاریزانانە بە وەرگرتنەوەی بڕێك پارە ئاڵوگۆڕیان پێبکات.

گریزمان لە هاوینی رابردوو بە بڕی ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ لە ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە رووبکردە یانەی بەرشلۆنە و لە زۆربەی یاریەکانی ئەو یانەپە بەشێوەی یەدەگ مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەوەش بۆتە هۆی بێزاری ئەویاریزانە و نایەوێت هیچیدیکە لەگەڵ بەرشلۆنە بەردەوامبێت.

لە هاڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

Sun.5 Jul. 2020 No.:(5967)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595
یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
پەیوەندیکان: 07505881616

هونەرمەند محەمەد مەولود: وڵاتان بە کاری هونەری پێش ئەکەون



بینەری کوردی تامەزرۆی دراماکانی خۆمانن بەڵام هیچ کەناڵێک ئامادە نییە، دراما کوردیەکان وەربگرێ و پەخشییان بکات.

. بەداخەوە ئێستا دۆبلاژە تورکی و بیانیەکان جێگای دراما کوردیەکانی گرتۆتەوە.



دیمانە: پەریهان عومەر

هونەرمەند محەمەد مەولود دانیشتووی شاری سلێمانیەو لە نێوان ساڵانی (75ـ 76) بەشداری کاری هونەریی کردووە و هاوکات لەچەندین دراما و شانۆ و سینەما بەشداریکردووە ، تا ئێستا لەکارە هونەریەکانیدا بەردەوامە.

هونەرمەند محەمەد مەولود باسی لە ئێستای دراما کوردی کردو بۆ (خەبات) گوتی: دراما کوردی ئەگەڕێتەوە بۆ بەدەنگەوە نەهاتنی کەناڵە تیڤیەکان ، کارە هونەریەکان وەرناگیرێ بەبیانوی جیاجیا کە گوایە بودجە یا پارەیان نییە هەر ئەو هۆکارەیە کە دراما کوردی بەرەو دواوە هەنگاوی ناوەو هونەرمەندان لە کارەکانیان ساردبنەوە نەتوانن کاری هونەری وەك پێویست ئەنجام بدەن و کاری هونەری بەرەو ئاستێکی نادیار بڕوا بکەنەوەو کاری لێوەربگیرێ بۆ ئەوەی دراما کوردی بتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات ،چونکە وڵاتان بە کاری هونەری پێش ئەکەون .

ڤایرۆسی کرۆنا بەرهەمە ئامادەکانی ڕێبین بارینی ڕاگرتووە



نەوال زوغبی خۆشەویستی خۆی بۆ رامی عەیاش دەردەبڕێ

سلێمانی - بەرهەم شێخ عزەدین

لەوەڵامی پرسیاری سەرقاڵی چی پرۆژەیەکیی هونەریت؟هونەرمەندی دەنگ خۆش ڕێبین بارین،بەم جۆرەوەڵامی داینەوەو گوتی: لە ئێستادا چەند بەرهەمێکم لەبەردەستە کە هەندێکیان کاری موزیکان تەواو بووە و تەنها ڤیدیۆ کلیپیان ماوە لەبەر ئەم بارودۆخە تەندروستیە نا لەبارە ی کە لە ئێستادا جیهانی پەك خستوە منیش وەستاوم انشاالله لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم بارودۆخە دەست ئەکەین بە بڵاو کردنەوەی انشاالله کە بەدڵی هەموو لایەك بێت و بەرهەمێکی جوان بێتجێی ئەماژیە ئەم پرسیارە لەمیانەی دیانیەك کراوە کەلەژمارەکانی داهاتووی خەبات تەواوی دیانەکە بڵاو دەبێتەوە .

لەدوایین دەرکەوتنی خۆی، نەوال زوغبی کچە گۆرانیبێژی شۆخی لوبنانی،لەوانەی تایبەتی خۆی وێنەیەکی لەگەڵ رامی عەیاشی گۆرانبێژی لوبنانی بڵاوکردەوە، تێدا خۆشەویستی خۆی بۆرامی دەربڕیبوو، نەوال لە وڵامی هەواداڕانی جەختی کردەوە کە رامی عەیاش چارەسەری وەردەگرێ دوای ئەوەی ماوەیەکە دووچاری نەخۆشی سەرەتان بۆتەوە، ئەم وێنەیەشی بۆ بەهێزکردن و پاڵپشتی کردن بڵاوکردۆتەوە، کەچی لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە.

سەرچاوە: ئەلیەوم ئەلسابع

زەواج لەناو ئەم هۆزە ئەفریقیەدا (کەڕ ئازایە و بیرفێنێت)



مەریوان نەقشبەندی

بە شێك لە هۆزەکانی (زۆلۆ) لەئەفریقیا پرۆسەی هاوسەرگیری (زەواج) بەشێوازێکی زۆر سەیر ئەنجام ئەدەن»لەناو ئەم هۆزەدا هەر پیاوێك دڵی چووە سەر هەر کچێك و دڵنیابوو کەوا شوی نەکردوە و پیاوەکەش ژنی نەبێت ئەوا دەتوانێ بەبێ پرسوڕا و قسەکردن لەگەڵ کچەکە «پەلاماری بدات و بیرفێنیت»دواتر چەند مانگایەك دەداتە ماڵی کچەکە و هەموشتێك بەم شێوەیە بەئاسایی و بەئاسانی کۆتایی پێدێت و دەبنە ژن و مێرد و کچەکەش مافی ڕەتکردنەوەی پیاوەکەی نابێت»خاڵی گرنگ لەم پرۆسەیەدا توانای جەستەیی پیاوەکەیە چونکە پێویستە پیاوەکە توانای پەلاماردان و هەڵگرتنی کچەکەی هەبێت هەتا دەیگەیەنێتە ماڵەکەی خۆی کە کوخێکە.لەم مەسەلەیەکدا هیچ کەسێك ناکوژرێت و دوژمنایەتیش دروست نابێت چونکە کلتوری ئەم هۆزە بەم شێوەیە.





شەوانی هەولێر لەسەردەمی قەدەغەی هاتووچۆ

فۆتۆژنەردەڵان ئازگەیی